ئالان بادیە: نابێت ئازادییەکی هەها لە کەمەگەدا دروست بکەین کە سەرمایەدار تێیدا پاشا بێت.

د. شەونم یەحیا
دکتۆرا لە فەلسەفەی کۆمەڵناسی – زانکۆی سۆربۆن ....

ئالان بادیە فەیلەسوفێکی فرەنسی یە، نوسین و بیرۆکانی چەندان هەهەند لەخۆ دەگرێت، لەوانە (ماتماتیك ، لۆژیك، زانستی ئەنتۆلۆجیا (بوونناسی) و هونەر وسینما ، خۆشەویستی وشکردنەوەی سایکۆلۆجی) ، لەهەموویان گرنگتر کە بادیە فۆکسی خستۆتە سەری "جۆپۆلۆتك" ئەویش بریتین لەچەمکی (سیاسەت ، هاوڵاتی ، دەوڵەتی هەقیقی ، هەڵبژاردن، هەژموونی سەرمایەداری بەسەر جیهان، گۆرانی جیهان، خۆپێشاندان و شۆرش ، کۆمەگەی ئایدیالی کۆمەنیسستی "
بادیە پێ وایە " سیاسەت تاکە هێزە دەتوانێ دسپلینی نوێ دروست بکات ، بۆیار دەدات کە بەهێزە و هەژموون دەکات و کێ لاوازە. بۆیە کاتێك کە دەوڵەت دەرووخێ سیاسەتیش دەرووخێ لەگەڵی ، دەوڵەتبوون پەیوەستە بە سیاسەتکردنەوە ، چونکە ئەگەر دەوڵەت نەبێت سیاسەتیش نابێت .
بەڵام من پێم وایە بێ گۆرینی دەوڵەت و سیستەی سیاسی ، ئەوا دەوڵەت نیە کە دەروخێنی ، بەڵکو حکومەت و سیاسەتەکانی دەروخێن و دەگۆردرێن ، بێ نموونە ئەوا رژێمی بەعس لە 2003 رووخا ، نەك دەوڵەتی عێراق ، بۆیە دەوڵەت چەمکێکە بە نەگۆری دەمێنیتەوە و قاڵبی خۆی وەرگرتوە مەگەر لە چەند دۆخێکی تایبەتدا نەبێت .

لای بادیە "سیاسەت بریتیە لە پەیوەندی نێوان جەماوەر و رێکخراوە مەدەنیەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و رووداو شۆرش ، لەگەڵ گواستنەوەی ئایدیای گشتی بێ کۆمەگەی گلۆبال"
سیاسەتکردن لای بادیە پاشخانێکی مێژوویی هەیە ، پرسێکی جەنگاوەریی و تێکۆشانە ، پەیوەندی بەوە هەیە کە لە هەموان ئەکتیڤترە ، سیاسەتکردن تەنیا بریتی نیە لەوەی هاوڵاتیان بە ئارەزووی خۆیان چەند وەرقەیەکی رەنگاو رەنگ ، بخەنە ناو سندوقەکانی دەنگدانەوە.
سیاسەت گرنگە راستەوخۆ لەگەڵ جەماوەر نزیکبخرێت.
ئەگەر لای بادیە دەوڵەتبوون پەیوەست بێت بە سیاسەتکردنەوە ، ئەوا

لای "میشیل ئۆنفری" بوونی دەوڵەت ، پەیوەستە بە بوونی گەرنتی بۆ ئازادی .

بادیۆ ئەو پرسیارە لە ئۆنفری دەکات و دەڵی " من نازانم تۆ مەبەستت کام دەوڵەتە ، ئەو دەوڵەتەی کە لەگەڵ جەماوەرکەی لێکترازا بێت ، ئەوە گەرنتی بۆ ئەنجامدانی مایکرۆ شۆرش بۆ ئازادی نیە. باس لە چ فیگورێکی نوێ بۆ دەوڵەت دەکەی کە گەرنتی بە هاوڵاتیانی بدات ؟
ئۆنفری لە وەڵامدا دەڵی " پۆوەری دادپەروەری ، ئەگەر دادپەروەری نەبێت دەوڵەت نیە ، چونکە دادپەروەری گەرنتی هەڵی بەشداری هاووڵاتیان و گرانی پۆزەتیڤ و هاوکاری دەدات ، ئەو دەوڵەتەی گەرنتی بوژانەوە بە هاوڵاتیانی بدات ، ئەو دەوڵەتەی خزمەتی ئازای بکات ، نەك ئەو دەوڵەتەی کار بە لۆژیکی بەزاندن بکات، و سنوری ماف و هەوێستەکانی هاوڵاتیان پێشیل بکات، لەبەر ئەوەی بۆای بە ئایدیایەکی جیاواز هەیە . ئەمەش بەرهەمدێت بە لۆژیکی هەبژاردن و دەنگدان لە رگای پەرلەمانەوە مرگێکی دادپەروەرانە دروست بکرێت.

"هەبژاردن تەیەك بۆ گەمژەکان" ، ئەمە یەکێك لە دروشمەکانی ماوی لە سالی 1968 بوو ، بادیۆیش بۆ خۆی ماویست بوو ، بەڵام ئەو بە شۆوەیەکی قوڵتر بیری دەکردەوە و دەپرسێت ، ئایا هاوڵاتیان هەموویان بە ئاگان یان کار بەم ەستەیە دەکەن ؟ لەو بۆایەدان گووتار و دانپدانەکانی کاندیەکان بە کەکی ئەوان دڵن و ئازار و ناخشیەکانیان کەم دەکاتەوە!!!

هەموو ئەو رپۆوان و خپشاندانانە بەناوی جراو جڕ دەکرێت ، تەنیا جش و خرۆشی سیاسی و شۆرش وداوای ماف لەو بزووتنەوانە دەبینم ، بۆ نموونە لە میسر ئەوە دەبینم کە چەندان کەس لە دەوری بۆایەك یان فیکرێك کبوونەتەوە ، بەڵام هەموویان لە کتاییدا لە خزمەتی پەرلەمانن ، ئەمە لەبەرامبەر یاریەکی میدیای زر گەورەین ، هەروەها پۆ وایە هەبژارن پرسەکی " فریوانە" تەنیا دەستەواژەیەکە بۆ وەهمی دیموکراسی ساختە. ئەو دیموکراسیەتەیە کە حزبە یان رکخراوێك یان سەرمایەدار بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان دروستیان کرد بێت.

بادیۆ باس لە قەیرانی مۆدیلی هەژموونگەرایی لە ژر ناوی "دەوڵەتی پەرلەمانی" وا لە هاوڵاتیان دەکات فەرامشی سیاسەت بکەن . بەڵای بادیۆ دەوڵەتی پەرلەمانی هاوڵاتیان لە بەشداری سیاسی

دووردەخاتەوە ، بۆیە هەڵبژاردن دەکەوێتە نێوان (کۆمیدیا و تراژیدیا) ، ئەو باس لە سزای هاوڵاتیان لە خۆپشاندان و هەڵبژاردنەکان دەکات . پێ وایە "هەموو ئەو سزداریە لە لایەن ڕێکخراوێك یان گرووپ یان پارتێك مەنیفێستکراوە"
بزووتنەوەی جەماوەری هەقیقی ئەو بزووتنەوەیە بە سروشتی فراوان دەبێ ، حزبێك یان گرووپ یان لایەنێك سەرپەرشتیان ناکات. تاکە ڕێگا بۆ گۆڕینی دەسەڵاتیش تەنیا بزووتنەوەی جەماوەری هەقیقی و سروشتی یە.

گەورەترین بزووتنەوەی جەماوەری دیموکراسی کە دەیبینی لای بادیێ هێشتا هەر کەمینەن ، ناکاتە هەموو ، نموونە بە خۆپشاندانەکانی وڵاتی میسر دەهێنتەوە لە 2011 ، دەڵێ ئەگەر چی ملۆنێك یان دوو یان سێ ملیۆن هاوڵاتی لە مەیدانی تەحریر بوون ، بەڵام هێشتا لە چاو هەموو میسر هەر کەمینەن. کاتێك کە دەیانگوت هەموو میسر لێرەیە ، ئەوا وەهمێکی گەورە بوو . هەر چەند بوون هەر دەمێنەوە کەمینەن.
ئەگەر "قبوڵی هەڵبژاردن بکەین ، دەبێ قبوڵی دەرئەنجامەکانیشی بکەین" کاتێك کە ئیخوان لە میسر بە ڕێگای هەڵبژاردن لەدوای مبارك دەسەڵاتیان گرتە دەست ، ئامادە نەبوون دەرئەنجامەکەی قبوڵ بکەن ، ڕەخنەیەکی زۆری لێگیرا کە دیموکراسی نەبوو . مەسەلەکە پەیوەندی بە دیموکراسیەوە نەبوو ، بەڵکو دڵگران بوون بە دەرئەنجامەکەی کە دەسەڵاتێکی ئیسلامی هێنایە حوکم بوو.

لەلای فەیلەسوف ئەوەی گرنگە چ شتێك (راستە و دادپەروەرەو و باشە) بە پوەندی بە ژمارەوە نیە ، ەنگە هاوڵاتیان بکەونە هەڵەوە لە هەلبَژاردنەکانیان لەوەی دەسەڵاتێکی سەرکوتکار یان خائین یان خۆفرۆشت بۆ هەڵبژێن.

بادیێ پێ وایە" هیچ پەیوەندیەکی دیالێکتیکی لە نێوان ئەوەی سیاسەت بە باش و دادپەروەر و راستی دەزانێ ، لەگەڵ ئەوەی زۆرینە بە باش و راست و دادپەوەری دەزانێ نیە."

ئەوە نالێن دیموکراسی بە واتای دەسەڵاتی هاوڵاتیانە ، دەمە سەر ئەو خاڵە لە چ بوارێك هاوڵاتیان بەشداری لەو بڕیارانەی کە جەوهەرین لە سیاسەتی ناوخۆ یان دەرەوە یا ئەوانەی پەیوەندییان بە ڕەوشی بانکەکانەوە هەیە دەکەن ، تەنیا ئەو دەسەڵاتە بوونی هەیە کە کەمینەن و دەسەڵاتێکی ئۆلیگاریشە .
ئەمە هەست بە دەسەڵاتی (دکتاتۆری ، تۆکراسی، ئەرستۆکراتی ،

ئۆلیگارشی ، مۆنارشی) دەکەین ، بەڵام هیچ کات هەست بە دەسەڵاتی دیموکراسی ناکەین ، لەناو سیستەمی دیموکراسی ناژین ، بەڵکو لەلایەن رژێمێکی ئۆلیگاریشی (دارایی و سیاسی و میدیای) هەژموونکراوین.
من رەفزی دیموکراسیەتی هەقیقی ناکەم ، بەڵکو رەفزی ئەو دیموکراسیە دەکەم کە وەهمە و لەسەر کۆمەیك نۆرم و پێوەر و بڕیار ووڕاوە ئاداکەی لەدەستی کەسانی ئۆلیگارشیە .
هەنگە سیستەمێکی سیاسی باشتر لە دیموکراسی لە ئایندەدا پەیدا بێت ، کە یەکێك لە داهێنانەکانی مرۆڤایەتی بێت.

ئیوە دەزانن سیستەمی تیۆکراسی ، سیستەمێکی چەوسێنەر بوو بۆ ماوەیەکی زۆر مایەوە ، زیاتر لە دیموکراسی رەنگە دیموکراسی لە ناوبۆکی کورتی مێژوویەوە دەرچوو بێت. بەتایبەتی نزیکە یان پەیوەستە بە سەرمایەدارییەوە ، سیستەمی پەرلەمانی دیموکراسی وەکو سیستەمێکی جێگیر هیچ بوونێکی نیە ، تەنیا بە وجوودی ئابووری سەرمایەداری نەبێ ، بۆیە میراتگیری راستەوخۆی جێگیرەوەی ئەو سیستەمە ئاشکرایە.
بادیۆ بانگەشەی دەوڵەتی ئایدیالی کۆمەنیستی دەکات، بەڵام کێ ئەو دەوڵەتە بەڕێوە ببات ؟ ئایا بادیۆ وەکو فەیلەسوفێك ؟
بادیۆ لەوەڵامدا دەڵێ" ئەو دەوڵەتە پێویستە هەموو لە بەرەوەبردنی بەشدار بن ، فیکر و هەق و عەقڵ بنەمای حوکمکردن بێت ، بە شێوەیەکی دادپەروەر ، ئەو دەوڵەتە دیموکراسیەتێکی هەقیقی تێدا بوونی هەبێت ، هاوڵاتیان لە دەوڵەت جیانەکرابێتەوە . نا ئەو دەوڵەتە سەرکوتکارییەی شەرعیەتی خۆی لە هەبژاردنەوە وەربگرێ . گرنگە کۆمەڵگەیەك بونیاد بنێن وەکو کۆمەڵگەی لیبراڵ نەبێ ، سەرمایەدار و ئۆلیگارشی تونددەو تێدا ڕاوچی بن . نابێت ئازادییەکی هەڵە کۆمەڵگە دروست بکەین ، کە سەرمایەدار تێدا پاشا بێت.

بۆ شیکردنەوەی شۆرشیش لە نێوان بادیۆ و میشیل ئۆنفری ، بادیۆ باس لە شۆرش دەکات
((La revolution بەڵام ئۆنفری باس لە شۆرشەکان دەکات بە کۆ les revolutions)) .

*بەشێك لە دێباکانی ئالان بادیۆ
France2-
-Contre courant badiou

جیهان لە چنگی ئیمپراتۆردا – 4 – … سمکۆ عەبدولکەریم

بەشی چوارەم

ئەمریکا بەردەوام لە چوارچێوەی بیردۆزی "سیاسی و ئابووری و سەربازی" یەوە کە لە لایەن سیاسییەکان یان بیرمەندانی وەاتەکەیەوە داڕێژراون، نەخشە ڕێگای سیاسی دوورو نزیکی ئەمریکای کێشاوە، ئەمە جگە لە بەرچاوگرتنی لایەنی "کەمەایەتی و جوگرافی" کە، شتێک نەماوە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا حیسابی بۆ نەکردبێت.
بۆیە دەبینین ئەمریکا زۆر دوورتر لەو مێژووەی ئەمە ئاماژەمان بۆی کردوە، بیری کردۆتەوە، بیرکردنەوەیەک کە ئێستا دونیا دەبێت تێبگات ئەمریکا لە کۆنەوە سەری هەڵناوە و لە کوێ و کەی، ئەو سەرەی نەوی دەکات.
لە (2-ی دیسمبەری ساڵی 1823، جیمس مۆنرۆ) پێنجەم سەرۆک کۆماری ئەمریکا بنەماو ڕێبازێک دادەڕێژێ کە تا ئێستاش هێناسە دەدات، ئەو ڕێبازەی هەر بە ناوی خۆیەوە ناسراوە (ڕێبازی مونرو)
(جیمس مۆنر) لە ڕێگەی بەیاننامەیەکەوە، کە ساڵی (1823) ئاراستەی گەنگریسی وەاتەکەی دەکات، ئەو بنەمایانە ڕادەگەیەنێ کە دونیایی سەربەخۆیی دەداتە وەاتانی خۆرئاوای نیوە گۆی زەوی، لە دژی دەست تێوەردانی وەاتانی ئەوروپی، چ بە چەوساندنەوەیان، یان بەیاردان لە مافی چارەی خۆنووسین، هەر بە پێی ئەو ڕێباز و بنەمایانەی مۆنرۆ ڕێگە لەوە دەگرێت ئەوروپییە ئەمریکییەکان، ژێردەستەی داگیرکاری هیچ هێزێکی ئەوروپی بن، لە ئایندەدا.

سەرەنجام دەرکەوت کە ئامانجی سەرەکی لەو بەیاننامەیە ڕێگریکردنە لە دروست بوونی هەر جۆرە داگیرکارییەکی نوێ، لە هەر یەک لە ئەمریکای باکور و باشوور، لە لایەکی تریشەوە بەربەستکردنی سنوری ئەو داگیرکاریانە بوو، کە هەبوون.
بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ڕێبازی (مۆنرۆ) نەک هەر سوودێکی بازرگانی وای نەبوو بۆ ئەمریکا کە شایانی باسکردن بێت، ڕێگریش نەبوو لە بازرگانیکردنی وەاتانی ئەوروپی، لە سەروی هەموشیانەوە

بریتانیا، کە پشکی شەری بەرکەوتبوو، هەروەها نەبوونە هەی باشترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ئەمریکای لاتینش.

چونکە ئەو وڵاتانە ئەو بنەمایانەیان وەک فەلسەفەیەکی پارێزگاریکردنیان لەکنەداوە، بەیە لەی بەزار بوون و پێیان وابوو، ئەمە ڕێگا و هەکارەکە بە زاڵبوون بە سەریاندا، واتە وڵاتانی ئەمریکای لاتین هەندەی لە هەیمنەی باکور دەترسان، هەندە ترسیان لە وڵاتانی ئەوروپی نەبوو.
"سیودەر ڕەزفەلت" بیست و شەشەمین سەرەکی ئەمریکا، ماناو ڕوحەکی نەوەی وەبەر ئەو ڕەبازەی مەرنەرە دا، بە شەوێک پەوابوو بەدەستهاتی و هەر جارە هەڵیەک لە لایەن وڵاتانی بچووکی ئەمریکای لاتین، دەبەتە هەی وڕوژانی وڵاتانی ئەوروپا بە دەست تەوەردان.
لە ئەنجامی ئەم تێگەیشتنەدا ڕەزفەلت بە پشتیوانیکردن لە ڕەبازی (مەنرە) داوای لە وڵاتەکەی کرد ڕێگای بدرێت دەست تەوەردان لە وڵاتانی لاتین بکات و لە چوارچێوەی سیاسەتی (داری سەرکەش) (سیاسەت العەا الغلیظە) هەزی سەربازی ڕەوانە بکات.
ئەوەبوو ویلایەت یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە ساڵی (1905) هەزی ناردە دەمنیکان و لە ساڵی (1912) ش بە نیکاڕاگوا و ساڵی (1915) ش هەزی ناردە هایتی.

بەهام لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی ئەمریکا بە پەیوەندییەکانی خەیدا چووەوە لەگەڵ وڵاتانی ئەمریکای لاتین، بەشەوێک جارێک لەدەنیایی دانە لەوەی، کار بە سیاسەتێکی باشی هاوسێیەتی دەکات، ئەمەش ئەو گەڵانە جێریە بوو کە دواتر لەنیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردووەدا لەسیاسەتی ئەمریکادا ڕەنگیدایەوە، واتە پەنابردنە بەرهەزی سەربازی بووە بیرکردنەوەی سێیەم لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا، دوای بەکارهەنانی سیاسەتو ئابووری، وەک دوو بنەمای سیاسی بە پەلهاویشتنەکەی بە دەرەوەی خۆی.

بەیە دەبینین ئەگەر ئەمریکا زەر ناچا نەبووبێت پەنای نەبردەتە بەر بەکارهەنانی هەز، ئەگەریش ئەوەی کردبێت لەچوارچێوەی هاوپەیمانییەتی جیهانیدا کردوێتی، وەک شێوەی ئەفغانستانو عیراق، کە هەمیشەش خۆی سەرکرایەتی کردوە، ئەمەش جارێکی دیکە چەتە خزمەت زیاتر باهابوونی ئەمریکاو قایمکردن و سەلماندنی ئەو ڕاستییەی کە «ئەمریکا دروستکەری جیهانە» کە (ڕابەرت کاجان) لە بەچوونکیدا دەیهێوە بیسلمێنی، ئەو هەیمنەو ئیمپراتۆریەتی ئەمریکا نەک هەر لەپاشکشەدا نییە، بەکسو وەهای قەیرانە داریەکی(2007) و

هەکشانی «چین» لەووی ئابووریەوە، ئەمریکا هەر لەپگەی خیدایەو هەموو ئەو ئاماژانەش کە باس لەلاربوونەوەی باڵای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکەن هەڵەن.

هەرچەندە(کاجان) دان بەوەدا دەنێ کە ئەمریکا لەتوانایدا نییە، لەتەواوی دەسیەکەندا ئیرادەی خۆی بسەپێنێ، هەرچەند جارێک لەسەرکەوتنی لەعیراق بەدەستهێناوە، ئەمە جگە لەهەوڵەکانی بۆ بەربەستکردنی تەشەنەکردنی پیشەسازی ئەتەمی و لەناوبردنی قاعیدەو بڕودان بەپیشەسازی چەک و تەقەمەنی، هەروەها دەستپەوەگرتنی تەی هاوپەیمانییەتی لەگەڵ ئەوروپاو زۆر لەهەزەکانی ئاسیا، لەو روانگەیەوە کاجان پێیوایە لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە تائێستا، هەیمەنەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەک هەزەکی جیهانی جێگیرەو، لەتوانایدا هەیە هەر شتێک بیەوێ بیکات، بەشەویەک وای داناوە کە لەئێستادا دوای ڕەمای کەن، ئەمریکا توانادارترین هەزی سەر ڕووی زەویە.

ئێران, هێستانی برسیەکانی نان و هزر! ... هێورامان عەلی

خێپشاندان و ئاڵوگۆزیەکانی نەوخەیی ئێران تادێت زیاتر پەرەدەستێنێت. پێناچێت هاتنە مەیدانی ئەم جارە ، وەک سەرهەڵدانەکانی تر سەرکوت بکرێت ، بەتایبەتی گەر ئەو هاستیەش بزانین ، کەماری ئیسلامی لەنەو کەمەگەی نەودەوڵەتیدا ڕژەمی بەزرا و خاوەن دەسەیەکی ئەستوری پشێلکاری یاسا و دەسا نەودەوڵەتیەکانە.
بەجیا لەو تەماتانەی سەرانی ڕژەمی ئیسلامی دیدەنە پاڵ دەوڵەتە خۆرئاوایەکان لەسەروی هەمووشیانەوە ئەمریکا کە گوایا ئەوی گەورە لە شێپەلی ناڕەزایەتیەکانی ئەمەیی ئێراندا، دەگەرن . گەلێک هەکاری هاستەقینە هەن کە وادەکەن ، هەر هەوداو و خاستکی چکەانە ، زۆر بە خۆرایی بگەڕێت بە بزوتنەوەیەکی سەرتاسەری و چارەنوسی دەسەاتی ئیسلامی ئێران هووبەووی داوخان و تیاچوون بکاتەوە. کە لەڕدا هەندەکیان دەخەمە ڕوو:

- هەکاری سیاسی

بە هیچ گومانێك ئەم سێ دەیە و نیوەی تەمەنی کۆماری سەدارەی ئیسلامی ئێران بە یەکێك لە ناشترین و خوێناوی ترین لاپەرەکانی مێژووی سیاسی و حوکمرانی بووە لە ئێراندا. ئەم ژمارە هەر لە سەرەتایی هاتنەسەر کاریەوە تا ئەمڕۆ هیچ ڕۆژێکی تەمەنی بە بێ سەرکوت و خوێنڕێژی بەسەر نەبردوە ، وەلامی ئەو لە بەرامبەر هەر خواستێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی خەلکی وەتەنگهاتووی ئێراندا ، زیندان و کوشتار بووە. ژمارەی ئەو تێکۆشەرانەی بە درێژایی دەسەڵاتی ئەم ژمارە لە سیاچاڵەکانیدا لە سەدان دراون لە دوو سەد هەزار تێکۆشەری سیاسی تێپەڕیوە ، بەجۆرێك لە دنیایی ئەمڕۆدا دوایی وەاتی چین کە ژمارەی دانیشتوانی لە ملیار و نیوێك تێپەڕیوە ، کۆماری ئیسلامی لە پلەی دووەمدا دێت .
لە ئێرانی ئەمڕۆدا سەکوتی سیاسی و پێشێلکردنی مافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ بە یاسا ڕەکخراوە! خودی یاسایی بنەڕەتی وەات ، مانیفێستی خنکاندنی هەر جۆرە دەنگێکی ئازادیخوازانە و مرۆڤدۆستانەیە.

- هەکاری ئابووری

ئێران وەاتێکی دەوڵەمەندە ، خاوەن گەلێك سەرچاوەی کانزایی و زەوی بە پیت و بەرەکەتی کشتوکاڵیە ، لە بواری بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نەوت و گازی سروشتیەوە لە دوای سعودیە لە پلەی دووەمدا دێت لە ئاستی جیهاندا ، بەم حاڵەشەوە بەپێی ڕاگەیاندنی پەروەز فەتاحی سەرکی (بنیادی امام خومەینی) ژمارەی ئەو ئێرانیانەی لە ژێر هەڕەشەی هەژاریەوە دەژین لە ٤٠ ملیۆن کەس واتە نیوەی دانیشتوانی ئێران ، تێپەڕیوە!
بە پێی ئامارەکانی خودی دەزگاکانی ڕژێم زیاد لە ١٢% هێزی کاری وەات بێکارن ، زۆر لەو ڕێژەیەش زیاتر بێکاری ڕازین (بطالة مقنع) . لە ٢٥% دەرچوانی زانکۆ و ئامادەیەکان دوای تێپەڕبوونی چوارساڵ بەسەر تەواوکردنی خوێندنداهەشتا بێکارن. لە ئێرانی ئەمڕۆدا زیاد لە ١٠ ملیۆن هاوڵاتی لە حەڵەبیادەکان ، لە گەڕستان و لە نزیك شارە گەورە پیشەسازیەکان بە قەولو تەنکە سەرپەنایەکیان پێکەوە ناوە تا برسیەتی خەیان و منداڵەکانیان تێدا بشارنەوە و لەوێدا دەژین!*
دزی وگەندەڵی بەرپسە گەورەکان و بە هەدەردانی سامانی گشتی ، یەکێکە لە سیما دیارو بەرچاوەکانی ئەم ڕژێمە. ئەوان جگە لەوەی دەستان بەسەر سامانی وەاتدا گرتووە ، هاوکات سامانکۆشیان بردوەتە دەرەوەی وەات و لەوە وگەڕیان خستووە! تەنیا چەند نمونە

باس دەکەم :

نازیەیی خامنەیی ٧ ملیەن دەلاری لە بانکەکانی تورکیایە، ٥٦ ملیەنی ئیرەیی لە ئەمانیادایە،٢٢ ملیەن پاوەندی لە بریتانیایە ..
مشتبا خامنەیی یەك ملیار پاوەندی لە بریتانیا ، دوو ملیار و دوسەد ملیەن ئیرەی لە ئەمانیا ، ٧٦٦ ملیەن دەلار لە قەتەر و..... سەردار ئەحمد وەحیدی ٣٢ ملیەن دەلار لە دوبەی، ٦٥ ملیەن دەلار لە تورکیە، ١٢٢ ملیەن دەلار لە ئەمانیا…
مشتبا مسباحی یەزدی ١٨٤ ملیەن دەلار لە دوبەی ٢٢١ ملیەن دەلار لە کەمپانیایی (الناخال) ، ٥٥ ملیەن ئیرە لە ئسپانیا …
عەلی مسباحی یەزدی ٤٥ ملیەن دەلار لە دوبەی ١٧ ملیەن دەلار لە تورکیە ، ٦٥ ملیەن پاوند لە بانکەکانی بریتانیا ، ٧٥ ملیەن دەلار لە باشوری ئەفریقا و ١١٠ ملیەن ئیرە لە ئەمانیا..... باقی سەرانی ژەمیش وەك ئەمانە تاکانکەری سامانی گشتی وەاتن! **
بەیوەبردنی کەرتە گرنگەکانی ئابوری وەات لەلایەن سوپای پاسدارن ، گەمارۆیی ئابوری و هەلاوسانی نرخی دراو ، کە سالی ڕابردوو ڕادەی هەلاوسان گەشتوەتە ١٣% ، گرانی و چونسەری نرخی کاڵاکان ، تایبەتکردنی خزمەتگوزاریە گشتیەکان و ….هتد هەموو ئەمانە هەلومەرجێکیان خوەقاندووە کە هەژاری و بیدەرەتایی و کوڕەوەری ، بەربینی بە زەربەی دانیشتوانی ولات گرتووە و ەتژ لە دوای ەتژ بەلەشاو چینی ناوەندی کەمەگە بە ەیزی هەژارانی وەاتوە پەیوەست دەکات. تەنیا لە سالی ڕابردودا پەنج بانك و ناوەندی گەورەی وەبەرهەنان مایەپوچی خەیان ڕاگەیاندووە ٢،٥ ملیەن خەڵزانی لە چینی ناوەنجی کەمەگە بە هەژارەکانەوە پەیوەست کرد.
ژەم نەك هەر هیچ بەرنامەیەکی بە بەرگرتن بەم داوخانە گشتیەی ئابوری ولات و هەلومەرجی سەختی ژیانی خەڵکی نیە، بەڵکە بەیارە لە سالی داهاتودا نرخی سوتەمەنیەکان ٥٠% بچەتە سەر و ئەو کەمکە دەوەتیەش ببەی کە زیاد لە ٣٥ ملیەن خەڵکی بەدەرەتانی ئیران لەی سودمەند بوون.

– هەکارە کەمەایەتیەکان

ژەمی حاکم لە ئیراندا ژەمەکی مەزهەبیە ، تەواوی یاساکانی ەڵکخستنی خەڵزان و پەیوەندیە کەمەایەتیەکانی مرۆڤ ئیلهام لە یاسا مەزهەبی و بەدیاری کراوی ئیلهام لە شەریعەتی ئیسلامی وەر دەگرەت . لە هەر شوەنەکی دنیادا ئیسلامیەکان دەسەات بگرنە دەست ، یەکەمین قوربانی ئەو دەسەاتە ژن و مافەکانی دەبن. لە ئیرانی دوای دەسەاتی شاهنشایی ، ژنان قوربانی سەرەکی ئەو وەاتە بوون.

شیعەکان هەر لە یەکەمین ڕۆژەکانی هاتنە سەرکاریان بە کردەوە یاسایی باری کەسیەتیان وەلانا و پێڕەویان لە (یاسایی جعفری) شەرعی کرد.
کرەکی ئەو یاسایە لەسەندنەوەی کەرامەت و بەیار و کەسایەتی ژنە . گەینیەتی لە کەسایەتیەکی سەربەخێیی خاوەن ماف و بەیارەوە بە کێلێیەکی دەستەم و وەامدەرەوەی ئارەزوەکانی پیاو..
خومەینی دامەزرێنەری ولایەتی فەقی و باوکی ڕۆحی شیعەکانی جیهان لە کتێبی دووەمی (تحریر الوسیلة) لە لاپەڕە ٢٤١ دا دەبڕێت:

" هاوسەرگیری لەگەڵ کچی خوار تەمەنی ٩ ساێیدا جائیز نیە ، بەڵام دەتوانی لەی بسویت ، پیابەنیت ، ئارەزوە سێکسیەکانی خەتی پێ دامرکێنیتەوە ، تەنانەت گەر مندالی نەو بشکێش بووا! "
ئەمە کرەکی ڕوانین و جگە و ڕەگەی ژنە لە شەرع و بیرکردنەوەی ئەماندا.
لە ئەرانی ژەر دەسەاتی مەلاکاندا ، هەاوادنی ڕەگەزی ، حجابی ئیجباری ، بازرگانی کردن بە هەست و جەستەی ژنان بووە بە یاسا لە کەمەگەدا! ئەمە هەکاری سەرەکی بەاوبونەوەی بە ڕەوشتی یاساییە کە خەی لە زواجی شەرعی ، متعە و سیغەدا دەبینەتەوە کە ڕاستەو خە مەلا و ئاخوندەکان ڕەبەی دەاەی تەدا دەگەن!
یەکەك لە کشە گەورەکانی کەمەگەی ئەران گیردەبونە بە مادەهشبەرەکان . بەپێی ئامارەکان نزیکەی ٢ ملیەن مرۆڤ لە ئەرانی ئەمەدا بەدەست ئەم بەا کەمەایەتیەوە دەنالەنن و خەیان خەزانەکانیان لەگەڵ چارەنوسەکی نادیار بەرەو ڕوون . ئەوەی لە خەکی ئەران شاراوە نیە ، سەرکردەکانی سوپا و باقی دامەزراوەکانی دەوەت خەیان بازرگانی سەرەکی ئەو مادە هشبەرانەن.

– هەناردەی شەش

کەماری ئیسلامی هەر لەگەڵ هاتنەسەر کاریەوە وەك ڕژمەکی مەزهەبی دەمارگیر و دواکەوتوو ، یەکەك لە دروشمەکانی هەناردە دەرەوەی ئەو بەایەبوو کە خەیی ناونابوو شەشی ئیسلامی! ئەم ڕژمە نە تەنیا بە چین و توڕە جیاوازەکانی کەمەلگای ئەران ، نەتەنیا بە میللەت و مەزهەبە جیاوازەکانی دانیشتوی نەو ئەران ، ڕژمی سەرکوت و قەنارە و خونەڕژی بووە ، بەڵکە یەکەکە لەو دەوەتانەی خەرهەلاتی ناوەاست کە دەستەکی بالای هەبوە لە تەرەو داسەپانی کونەپەرستی سیاسی لە ناوچەکەدا . ئەم ڕژمە دەستەکی بالای هەیە لە نانەوەی شەر و ئاشوبی مەزهەبی و تائفی لە خەرهەلاتی ناوەاستدا ، ئەو ڕاستەوخە لەپرسراوی ئەو خوێن و ماوەرانیە کە لە عەراق، سوریا ،

یەمەن ، لوبنان و… زەر شۆنی تریش ئودەدات. ئەم بە بەرپاکردنی ئەم ئاشوبە سالانە بە ملیار دۆلار سەروەت و سامانی ئەو کۆمەڵگایە دەکات بە قوربگی حیزبوڵایەکانی ناوچەکەدا . بەپێی هەندەك ئاماری نافەرمی دەسەڵاتدارانی ئێران ٨،١% لە بودجەی وڵات بە کەرتی تەندروستی خەرج دەکەن ، لەکاتێدا زیاتر ٢% بودجەی وڵات لە دەستوەردانی دەرەوەدا خەرج دەکەن!
دەستوەردانی ئێران لە وڵاتانی خەرهەڵاتی ناوەڕاست و نانەوەی پشێوی و شەڕی مەزهەبی ، مەترسیەکی گەورەی لەسەر ئاشتی ناوچەکە و جیهان پێکهێناوە.

بەدرێژایی سەد ساڵی ڕابردوو تورکیا ، مسر و ئێران ئەو سێ دەوڵەتە بوون کە سیستەمی حوکمرانی لە جیهاندا وەك کۆکەکانی ئارامی خەرهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان تەماشای دەکردن . سیاسەتی مەزهەبی و سەرە ڕەیانەی ئێران چ لە ناوخەیی ئێران و چ لە ناوچەکەدا پشێوی و ئاڵۆزیەکی زۆری ناوتەوە کە بە کردەوە هاوسەنگی هێز و ئارامی ناوچەکەی خستوەتە مەترسی گەورەوە. لە خڕانیە یەکەك لە دروشمەکانی خۆپیشاندانەکانی ئێم ڕۆژانە (نەغەزە ، نە لوبنان … گیانمان فیداتە ئێران!)
ئەگەرچی ئێم لە ڕۆژی یەکەمی ناڕازایەتیەکانەوە ڕاستەوخۆ ئێم هەستانەی بە پیلانی ئەمریکا و ئیسرائیل تەمەتبارکرد ، بەڵام هەکاری ڕاستەقینەی سەرهەدانەکان ئەو واقیعەتە تاڵیە کە لەسەرەوە ئاماژەمان بە هەندەك لایەنی کرد.

لە ململانی خەڵک و دەسەاتی ئیسلامی ئێراندا ، لە ڕۆژی یەکەمەوە تا ئێستا هەمیشە ئێم هەوڵی داوە بە تاوانبارکردنی نیارەکانی کە بەکرێگیراوی خۆرئاوان ، سەرکوت بکات .بەڵام ئەمڕۆ چ بە گەلانی ئێران و چ بە ڕای گشتی جیهان ڕۆشن بوەتەوە کە ، ئێم ئێمە توانی وەڵامدانەوەی هیچ جۆرە خواستێکی ئەو خەڵکە نیە و ناتوانێت لە هیچ بوارێکدا چاکسازی بکات .
خەڵکی ئێران شایستەی ژیانێکی ئارام و پڕ لە نان و ئازادین کە ئێم ئومێدە بە ڕوخانی یەکجاری ئێم ئێمە نەبێت مەیسەر نابێت ، ئەمە پێش ئەوەی لەکدانەوەیەکی دەخوازانەی منبەت ، ئەزموونی چواردەیە خەباتی خەڵکی ئێرانە.

***بۆ ئامادەکردنی ئێم بابەتە سودم لە گەلەك ڕاپۆرتە هەواڵی ئاژانسەکانی جیهان وەرگرتووە لەوانە :**

https://www.alarabiya.net/ar/politics/2018/01/05/%D9%85%D8%A7-

%D9%88%D8%B1%D8%A7%D8%A1-
%D8%A7%D9%84%D8%A7%D8%AD%D8%AA%D8%AC%D8%A7%D8%AC%D8%A7%D8%AA-
%D8%A7%D9%84%D8%A5%D9%8A%D8%B1%D8%A7%D9%86%D9%8A%D8%A9-
%D8%A7%D9%84%D8%A3%D8%AE%D9%8A%D8%B1%D8%A9.html
** https://www.youtube.com/watch?v=sH6DbTzTTtg
***http://www.bbc.com/arabic/middleeast-42540721

هەستانی برسیەکان و پەویستی دابینکردنی ئاوبڕی کەمە نیستی! ساماندەریم …

برسیەکانی ئێران هەستاون، هەستاون بە نان. نان لە ئیران ئازادی دەوێت، هەروەک چۆن ماسی ئاو. خواستی نان یان خواستە ئابوورییەکان، لە ووتاتێکی وەک ئێراندا، ووتاتێکی سیوکراسی و ئۆتۆکرسدا، هەر زوو گۆڕا بە بزوتنەوەیەکی فراوانی خەباتی، بزوتنەوەیەک وەک قارچکی بەهار لە هەموو شارو شاروچکەیەک ڕق و توڕەیی و نەفرەتی خۆی دەکات بە گژ تەواوی نیزامی سیاسی دا. ئەمجارە، نە بزوتنەوەی سەوزمان هەیە وە نە مەسەلەی تەزویرکردنی هەلبژاردن، نە موسەوی کاریزمای ڕزگاریبە، وە نە هیچ بالێکی دیکەی نێو حکومەت، ڕقو توڕەیی کۆکە بوو تەقیوتەوە و بەگژ دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی دا چوە. ئەم واقعیەتە بە دروشمکانی ناڕازیانەوە ڕەشنە. لە دوای شۆڕشی ئێرانەوە ئەمە یەکەم بزوتنەوەیە کە بەم شێوەیە خۆی نمایش بکات.

هەستانی جەماوەری خەباخە، بە ڕابەر، بەمانایەک بکەس و بە خاوەنە. هەموو مەسەلەکە ئەوەیە کە چ کەسێکی بە پێدا دەبیت؟! چ کەسێک دەبێتە خاوەنی؟! کام بزوتنەوەو ئاسەی سیاسی دواتر کام هەزو حزبە دەبنە خاوەنی ڕاستقینەی و جلەوەکەی دەگرنە دەست و مەری خۆیانی لەدەدەن. هەشتا سەرەتایە. سەرەتایەک چەندین گریمانەی جیاوازو جۆراوجۆرو تەنانەت دژ بەیەکی هەیە. لێرەدا مەسەلەی سەرەکی ئەوەیە، کە بزوتنەوەو حزبی ئەمە پەویستی بە هەوە و

ماندوبون، و لە ڕاستیدا کاری پاڵەوانانەو شەرشگیرانە هەیە بۆ ئەوەی دەستوبرد فریا بکەوێت وئەم زەمینە کۆمەڵایەتیەی کە هاتۆتە بەرەو دەستبەر بکات بۆ قازانجی چینی کرێکارو گشت بزوتنەوەی ناڕازایەتی ئەمڕۆ. و بە خۆباتی بوچان و پشت ئەستور بە هێزی چینایەتی ڕیکخراو و بزوتنەوەی ناڕازایەتی بالفعل، ئەم بزوتنەوەیە بۆ ئاقاری شۆڕشگێڕی گەورەی کۆمەڵایەتی، ئاراستەو ڕابەری بکات.

ئەم بزوتنەوەیە یان ناوەرۆکی ئەم بزوتنەوەیە دروشم و خواستەکانی بۆ تەواوی هێمایە، بۆلام خاوەنەکەی هیشتا دیار نیە. ئەمە گەورەترین کەسپەکە لەبەردەم ئەم بزوتنەوەیەدا باسی سەرکەی بۆ ئەمە ئەوەیە ئەمە دەبینە خاوەنی؟!. دەبێت هەموو هەوڵێک بدریت لەم ڕاستایەدا و کاری بوچانی بۆ بکرێت. خالیکی دیکە ئەوەیە کە ئەم ڕوداوە گەورەیە لە هەلومەرجێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی تەواو جیاوازدا دەگوزەرێت چ لە ئاستی ناوچەکەو چ لە ئاستە جیهانیەکەی. هەلومەرجێکی ڕاگوزەری مێژوویی. کە جەنگ و شۆڕش و ململانێی نێوان زلهێزە جیهانیەکان و ناوچەییەکان لەسەر دوبارە دابەشکردنەوەی دونیا، هەجگار توندو تیژ کردوەتەوە بەتایبەت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەم ڕوانگەیەوە دەخاڵەتی ووڵاتانی زلهێزی جیهانی و ناوچەیی لە نێو ئەم ناڕازایەتی و هەستانەدا زیاتر کردوە وەک گریمانەیەکی گەورە پێویستە لە بەرچاو بگیرێت.
لەسەر پایەی ئەم دوو واقعیەتە دەینە سەر مەترسی و ڕەگریەکانی بەردەم ئەم بزوتنەوەو هەستانە جەماوەریە.

یەکەم: دەخاڵەتی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆی وولاتانی زلهێز. سەرەڕای ئەوەی کە بورژوای جیهانی و ووڵاتانی زلهێزی جیهانی وەک ئەمریکاو بەریتانیاو ووڵاتانی ناوچەیی وەک سعودیە هیچ سەمپاتیەکی سیاسی یان نیە بەم بزوتنەوەیەو خواستو داواکاریەکانی. بۆلام دوای تەجروبەکانی " بەهاری عەرەبی" ئەم مەسەلەیە بۆتە مەسەلەیەکی هەجگار جدی لەبەردەم ئەم بزوتنەوەیەو کۆمۆنیزمی ڕادیکاڵ و مارکسستدا. ئەمریکا لەیەکەم ڕۆژەوە دەستی پێکردوە وئەمڕۆ ٦ی جەنیوری تیلەرسون بۆ ئاشکرا دەڵێت: "" ئەمە لەگەڵ گواستنەوەی ئاشتیانەی دەسەڵاتداین"، " خەڵکی ئیران بۆتونها نین". بە بردنە پێشەوەی سیاسەتێکی ئاوەها، بە جیا لە ئیمکاناتێکی زۆبۆلاحی میدیای و ماڵی, سەدان کۆنا و ڕێگا لە بەردەستە و چەندین هێزی بورژوایی ئامادە هەیە، لە موجاهدینەوە بگرە تا دەگاتە ناسیونالیزمی کورد وتادەگاتە هەز گەلی وەک داعش و قاعیدەو... بە ترازاندنی هەلومەرجێکە بەرەو داخزانێکی ئەمنی و سەربازی خۆترناک... ئەم

گریمانەیە مەترسیەکە. گریمانەی بە سوریا کردنی کەمالگای ئێران. پێویستە لە لایەن کەمەنیستی ڕاستەخۆوە بەرچاو ڕونکردنەوە هەروەها لەلایەن ئابووری بزوتنەوەی ناڕازیەتی و کرێکاریەوە بە وردی لێک بدرێتەوە، ناکام بکرێتەوە، یان لایەنی کەم لە کاریگەریەکانی کەم بکرێتەوە. بەتایبەت پێسواکردنی ئەمریکا سیاسەتکانی مەسەلەیەکی هەجگار گەورەیە و پێویستە ڕاژانە ناکام بکرێتەوە.

دووەم: بەکاربردن و جەوگرتنی لەلایەن هێزە بورژوایەکانەوە وگەینی ئاراستەکەی بە مەسائیلی دیکە. هێزکانی وەک سەلتەنەت تەبەکان، میللیەکان، ناسیونالیزمی کورد وبەتایبەت "مەسەلەی نەتەوەی" لەم نەوەدا مەسەلەیەکی جدییە، ئەگەر چی تائێستا کاڕو بەرچاو نیە، بەڵام ووڵاتانیکی وەک سعودیەو ئەمریکا کار لەسەر ئەم بابەتە دەکەن. یا جەوگرتن و قەتیسکردنی لە چوارچێوەی ریفەرمی بورژوایی و تەنانەت ڕازیبون بە دابینکردنی هەندی خواست لە لایەن دەوڵەتەوە کە ئەمیان دیسان مەسەلەیەکی جدییە. مەسەلەی گەینی ئاراستەی بزوتنەوەکە بە ئاراستەیەکی چەکدارانە و تەنانەت تووندو تیژانە، کە هەم گریمانەی یەکەم دەکاتە واقعێک وە هەم ناوەرۆکی مەسەلەکە بەتەواوی ئاوگەڕی بەسەردا دەت... بە دیاردەیەک دەگوڕت کە لە بزوتنەوەی ئێستا ناچێت. یا بیانو دەداتە دەست نیزامی سەرکوتگەری ئیسلامی کە سەرکوتی بە پەردەو گەورە بکات. کارو سیاسەتکی ئاوەها وەک گریمانەیەک لەوانەیە دەوڵەت خەی یان بە هاوکاری هێزیکی ئۆپۆزیسیۆن دەستی بەبابات. یان هەنگاوکی چریکانەی وەک ئەم دوایانەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کە هەجگار بە زەڕەری ئەم بزوتنەوەیەیە.

سێهەم: کەمەنیزمی طفرە "قۆڵەمباز": ئەگەرچی ئەمیان ڕیگرییەکی گەورە نیە لە ئێستادا. ئەم کەمەنیزمە بورژوایەیە کە هەموو ناڕازیەتیکی پێ شڕشە، تەنانەت بە بوردمانی " فڕۆکەکانی ناتۆشەوە". ڕەگری و مەترسیکی دیکەیە بەتایبەت بە حوکمی هەگرتنی ناوی کەمەنیزمی کریکاری وەک ناوی هاوبەشی چەند حزبێک. ئەم کەمەنیزمە ئارەزوی هەراو فەوزا دەکات، هەروەک هەوڵستیان لە بەرانبەر سوریا وە لیبیا بەشەویکی ڕەشن دیارە وە دیاربوو. ئەم کەمەنیزمە دروشم و داواکاریەکانی بەرزفڕن، گوێ ناداتە هێز هاوسەنگی و هێزهاوسەنگی چینایەتی و تواناو مەوقعیەتی بزوتنەوەکەی لا مەسەلە نیە و هەموو ئامانج و ئیستراتیژی ڕوخانی ڕژیم و " خەباتی دژی ڕژیم" و دابینکردنی چەند ڕیفەرمێک... بەیە ڕابەرانی بزوتنەوەکەو گشت بزوتنەوەکە بار دەکات بە کەمەڵێک دروشم و

داواکارییەوە کە دورە لە توانا و ئیمکانیەتی بالفعلی ئێستای بزوتنەوەکە...مەترسی ئەم جارە لە هێزی بورژوازی ئەوەیە کە بەناوی مارکس و مانسوری حیکمەتو کۆمانیزمی کرێکاریەوە خوتابی سیاسی دەدات. ئەم سیاسەت و پراتیکە لە ئەنجامدا دەساردی و بێ باوەری و بێ متمانەیی بە هێزی کۆمانیست و رابەری کۆمانیستی بڕەو پێدەدات.

تێجاوزکردن و ناکام کردنەوەی ئەم مەترسیانە کارێکی هەرقلی یە. پیویستی بە هیزیکی کۆمانیستی هەیە کە بتوانێت یان لە هەوڵی دابینکردنی ڕابەری کۆمانیستی ڕێکخراو موتەحزبدا بیت بە بزوتنەوەکەی. هەڵبژێک کە لەسەر شانی ئەم بزوتنەوەیە هەم گۆشە دەکات و بەهێز دەبیت و هەم بزوتنەوەکەی یەکگرتوو ڕێکخراو دەکات. ڕێکخراوبونی ئەم بزوتنەوەیە لە گڕێک و ناوەندەکانی کاردا، لەدەزگاو زانکۆو پەیمانگاو سەربازگاکاندا... کارو سیاسەتی سەرکی ئیستای هێزی کۆمانیستیمانە، کە ئیمکان دەدات سەرکەوتن وەیان پایەداکوتین و جیکەوتنی ئەم بزوتنەوەیە وێک هێزیک فەراهەم بکات. لەوانەیە بزوتنەوەکە سەرکوت بکرێت و ئەمە گریمانەیەکە، یان بچوک بکرێتەوە، بەڵام ئەگەر کۆمانیزمی ڕێکخراو وێک هیزێکی مارکسست و شۆرشگێر کاری کردبێت، ئەوا چەندین ڕێکخراوی کۆمانیستی لە شوێنەکانی کارو ژیاندا ڕێکخستوە کە دەبێتە دەست مایەکی گرینگ بە کارو خەباتی دواتر.

ئەمڕە مەسەلەی سەرکی ڕێکخراوبونە لە ئەشکالی جۆراوجۆری حزبی و ناحزبی و جەماوەریدا، بەدەوری ئاسەی سیاسی ڕوشن، لە شوێنی کارو ژیاندا. دابینکردن و بەجێگەیاندنی ئاسەی سیاسی لایەنی کەم لە نێو ڕیزی فراوانی ڕابەرانی کریکاری و ناڕازایەتیەکاندا مەسەلەیەکی هەجگار فەوریە. "ڕوخانی ڕژیم" و بەردەوام بون تا ڕوخانی دەسەڵاتی سەرمایە ودابینکردنی حکومەتی کرێکاری لە چوارچیوەی گشتیدا پێویستە ئەو ئاسەیە بێت. بەڵام لە نیوان ئاسەی سیاسی یان ئیستراتیژدا، گۆڕیک ئاراستەو کەناڵی جیاواز هەیە، گۆڕیک تاکتیک و وەستان و پەلاماردان هەیە، گۆڕێک هەورازو نشێو هەیە... هێزی کۆمانیزمی پێشڕەو و شۆرشگێر، بەپێی هێز هاوسەنگی چینایەتی و بزوتنەوەی بالفعل کە لەمەیداندایە، وە بەپێی ئاستی دابینکردنی ڕابەری کۆمانیستی و ڕێکخراوبون و یەکگرتووبون، بەیاری وردو فەوری و دروست دەدات. لە هەمانکاتدا پێنتێکی دیکە کە پێویستە لە بەرچاوی بگرین، هەولدان و خەباتە لە نێو بزوتنەوەی کێکاری و خەڵکی ئینسان دەستی دەرەوەدا، لە ئەوروپاوە بگار تا دەگاتە ئەمریکاو وولاتانی دەوروبەری ئێران. خەباتکردن لە پێناو

بەدەستهێنانی هاوپشتی چینایەتی و سەرمپاتی خەباتکارانە بە بزوتنەوەی بالفعلی ئێستاو هەر ناڕەزایەتی و خەباتێکی کرێکاری، هەروەها بە وەستانەوە دژ بە سیاسەت و کردەوە سەرکوتکەرکانی جموری ئیسلامی ئێران. کارکردن لەسەر ڕێکخراوەو یەکێتی یە کریکاری وکەسایەتیە ناسراوکانیان کارێکی فەوری یە. لە هەماهنکاتدا وەئامکە بە دەخاڵەتی ووڵاتانی وەک ئەمریکا کە دەیانەوێت فەزای گشتی نارەزایەتی و هەستانی خەڵک بگۆڕن بخەن لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان و بەم شیوەیە بزوتنەوەو ئامانجەکانی لەبار بەرن.

هەڵکی مارکسست و شۆرشگێری ئاوەها، دیاری دەکات کە ئەمڕۆ بەنمونە ئێستا کاتی پڕلاماردان نیە، کاتی سوتاندنی بارگاو جبەخانەی چەک نیە، کاتی ئەوەنیە کە دەستببرێت بە چەک، کاتی ئەوەیە کە زیاترو زیاتر یەکگرتوو وە ڕێکخراوبین، دامینی ناڕەزایەتیەکان فراوانتر بکەینەوە، خواستەکانمان یەکبخەین و خەمان یەکگرتوو و ڕێکخراوبکەین بەدەوری ئاڵبری کۆمنیستیدا. دیسپلینی سیاسی و حزبی بەهێز بکەین وهەنگاو بەهەنگاو بچینە پێشەوە، سەنگەر بەسەنگەر بیگرین وهەوڵبدەین بە کەمترین زیانەوە، هەنگاو بنێین. مەسەلەی دابینکردنی ئاڵبری کۆمنیستی و شۆرشگێر لە گرنگەکو کارگەو دامەزراوە پیشەسازیو حکومەتیەکاندا کاری فەوری وە گرینگترین کارێکە لە ئێستادا. زەمینەیەکی بابەتی و شۆرشگێرانەی لەم چەشنە نەک تەنها کاری شۆرش و پڕلاماری دوای ئاسانتر دەکاتەوە، بەڵکو گرنتی زیاتر دەدات بە سەرکەوتنی شۆرش و دابینکردنی ئاڵبری کۆمنیستی لە ئاستی ماکرۆی کۆمەڵایەتیدا. سەرکەوتوبەت بزوتنەوەی برسیەکان دژ بە ڕژمی ئیسلامی ئێران و سەرمایەو سەرمایەداری.
٦جەنیوەری ٢٠١٨

saman.karim5@gmail.com

گۆڤاری ئەنفالستان... ژمارە 13

ئەنفالستان ساڵنامەیەکی تایبەتە بە ئەنفال و جینساید ...

بە خوێندنەوەی ژمارە 13ی ئەنفالستان کلیکی ئێرەبکەن ...



دەزگای ئایدیا و کتێبی جوانییەکانی وەرگر … عەبدولموتەلیب عەبدوڵا

کتێبی جوانییەکانی وەرگر "لەکۆینەوە" لە چاپ و بڵاوکردنەوەی دەزگای ئایدیایە لە نوسینی (عەبدولموتەلیب عەبدوڵا)ەیە، قسە لە ئەدەبی نوێی کوردی دەکات و لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە… لە گەمەك بابەتی گرنگ دەکۆتەوە.

(1)

جوانییەکانی وەرگر

نوسین ژەهر و تریاکە، ئەو قسەیەی دریدا پێمان دەڵێت نوسین نە کەمەك دالە، دەبێ تەئویل بکرێت! نە کارە، کە شیاوی بەشداریکردن و گۆین و گواستنەوە بێت! بەکو فەزای هەر یەك لە خوێنەر و نوسەرە، چونکە هیچ دەقێك بێ بوونی (نوسەر) و بەشداریکردنی (خوێنەر) بوونی نییە، هەموو ئەوانەش پەیوەندییان بە چەمکی (جیاوازی)یەوە هەیە، چونکە نوسەر پێش ئەوەی خودی خۆی بدۆزێتەوە، دەکەوێتە نێو بوونی زمانەوە، بەو مانایەش نیازی دانەر ئاسۆی تێگەیشتن دیاری ناکات، بەکو بەشکی زۆری تێگەیشتن دەکەوێتە دەرەوەی زمانی دەقەوە و پەیوەندی بە کلتور و راڤەکردنی قۆناغە جیاوازەکانی کلتورەوە هەیە، واتە خوێنەر شوێنی ناوەندی زمانەوانی پێ ناکاتەوە، بەکو لەگەڵ فۆرمەکانی زمانەوانی و خەیاڵکراوی کەمەایەتی و جیهانبینی مامەڵە دەکات، ئەوەش بەرەو تێگەیشتن و راڤەکردن و بەرهەمهێنانەوەی تایبەتمان دەکاتەوە! ئەگەر ئەوە خاڵی بەشداریکردنی خوێنەر بێت، ئەوە نوسین لەسەر زنجیرەیەکی بێ کۆتایی

لە بەرهەمهێنانەوەی دال دەژیت، بە دیوەکەی دیکە خاڵی گۆڕین و گواستنەوەی گۆشەنیگای دەق لە سەر توانای وەوژاندنی پرسیار و وەڵامی پرسیارە جیاوازەکان راست دەبێتەوە… کەواتە ئەوە جیاوازییە فیکرەی یەکگرتووی کۆتائامێزی نێوان دەق و دانەر، بابەت و خود.. رەتدەکاتەوە، وەك چۆن بە تووندی یەکگرتنی نێوان دەق و خوێنەر بەجێدەهێڵێت، هەموو ئەوانەش لەسەر ئیشکالیی بکۆتایی زمان درۆژ دەبنەوە!

(2)

تێگەیشتن و ڕاڤەکردن

ژیان وەستانی نییە، دنیای ئەدەب و هونەریش دنیایەکی وەستا و ڕاگوزەر نییە، خۆشی ئەدەب و هونەر تەنها خۆشییەکی ساتەوەختی لە کار کەوتوو نییە، دەقی ئەدەبی سەرکەوتوو هەر بەوەندە نابێ بەسە بکات، هیچ کارێکی ئەدەبی و هونەری سەرکەوتوو لە دنیادا نییە، کۆمەڵك چەمك و فیکر و فەلسەفەی زیندووومان بێ نەخاتە نێو ژیانەوە، هیچ کارێکی ئەدەبی و هونەری سەرکەوتوو لە دنیادا نییە، هەڵگری دنیابینی و خەون و پرسی سەردەم نەبێت، هیچ کارێکی ئەدەبی و هونەری، سەرکەوتوو نییە، هەڵگری ئەزموونێکی بەرفرەوانی مەعریفە و ئاگایی نەبێت… ژیان بەردەوامی دەنەخشێنێت، نووسەری داهێنەر لە سەر سێ پێگەی بنەڕەتی وەستاوە: مەعریفەی بەردەوام، خەیاڵی کراوە، جورئەتی تەجاوزکردن.
کەواتە دنیای داهێنان و بەهای دەقی داهێنەرانە، مەرج نییە، لەگەڵ پێوەرەکانی خوێنەر و ڕەشنبیریی باو یەکبگرێتەوە، بەکو بایەخی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر و پانتایی ڕەشنبیری باو دووچاری شك و ئاوەژوو بوونەوە دەکات! بایەخی خۆی لەوەدا هەیە دەگرێتەوە، کە پێوەرە هونەرییە باوەکان تەجاوز دەکات و بچوون و پێوەری نوێ دادەهێنێ، بێ ئەوەی لە ڕێگای پرسی نوێوە بەردەوامی بە دانوستان و گفتوگۆ زیندووەکانی بدات، نووسەر و خوێنەری داهێنەرانە چەند لە نووسین و خوێندنەوە بەرەو پێش بچێت، ئەوەندە واز لە گریمانەکان دەهێنێ و بە کۆمەڵك بچوونداوە دەچێتەوە و کۆمەڵ پرسیاری نوێ ئاڕاستە دەکات و کۆمەڵ چاوەڕوانی دیکە بێ ژیان دەخاتەوە.

(3)

پەراوێزی خوێندنەوە

(ئەمە لە زەمەنێکدا دەژین کە بە مانا "پرۆست"ییەکەی ونبووە. ئەمە لە چاوەڕوانی زەمەنێکداین کە بە مانا "بیکت"یەکەی قابیلی چاوەڕوانی نییە) هەبەتە بەشێکی بەرفرەوان لە هێزی ئەو دوو رستەیە، دەشێ لەوێوە لە خەیاڵ و شیعرەوە نزیك بێتەوە، کە دەکەوێتە دەرەوەی عەقڵ و واقیعی باو، دەکەوێتە بێدەنگی و بێشاییەوە، بێگومان لەو دیوو عەقڵ و واقیع، گوتارێك بێ حەقیقەت بوونی نییە، جگە لە زمانی خەیاڵ و زمانی جوانی نەبێت، لە هەر کوێ، ئەو دیوو واقیع ئامادە بێت، خەیاڵیش ئامادەیە، لە هەر کوێ بێدەنگی و بێشایی ئامادە بێت شیعر و جوانی ئامادەیە. کەواتە ئەگەر خەیاڵ لە واقیع جیاواز بێت و شیعریش لە ڕێگای ئەو جیاوازییەوە، لە ڕێگای بێدەنگی و بێشاییەوە پەیوەندی بە خەیاڵەوە بکات، ئەوە دەتوانین بڵێین هەرچەندە ماوەی نێوان نوسەری ئەدەبی و خەیاڵ کەمتر بێتەوە، ئەوەندە رووبەری ئیبداع بەرفرەوانتر دەبێت. وەك دیارە ئەو هەڵگرتنەوەیە راستەوخۆ لە دەستەواژە بەناوبانگەکەی (نیفەری)یەوە وەرگیراوە کە دەڵێت: تا مەودای رووانین بەرفرەوانتر بێت، رووبەری گوزارشتکردن بەرتەسك دەبێتەوە.

دیموکراسیەت.. بریندێك لە زیهنی ژنهاتیەکاندا ! … جوتیار

لە ژنهاتی گیرەدەبودا بە فەرهەنگە (پریمیتیڤ)کان و ترادیسیۆنە کۆمەڵایەتی و لاهوتیەکان؛ مرۆڤ پێویستی بە دیموکراسیەتێکی باڵانسگیر هەیە تا ببێتە بنەما بۆ دروستبوونی تێگەیشتنێکی گشتگیر لە چەمکەکانی ئازادی و مافە گشتیەکانی ئینسان، لەودیدگایەوەی کە دیموکراسی کراسێك نییە بیپۆشین، پێویستە لەو کۆمەڵگایەنەدا بارتەقای ئەو بۆچونە شیکردنەوەو ووردکردنەوەمان بۆ ئەو چەمکە گلۆبالە هەبێت کە نەیتوانیوە ئیدئۆلۆژیتێی خۆی وەك چەمکێکی فەلسەفی\ سیاسی بەسەر ئەقلیەت و دیدگای تاکی ژنهاتیدا بگونجێنێت.

بۆ ئەوەی دیموکراسیەت وەك ماتەریاڵ و کاڵا لە لایەن سەرمایەدارییەوە بە مارکێتینگ نەکرێت، یاخود بە سەر کۆمەڵگا داخراو و گیرەدەکاندا بازرگانی سیاسی پێوەنەکرێت، پێویستە

دەریچەکی ئەقلی فراوانتری بۆ بدۆزرێتەوە تا ڕۆگاکانی تێگەیشتن لەو چەمکە لە پەیوەست بەو کۆمەڵگایانە کراوەتر ببێت.

دیموکراسیەت ئەگەر بە خەسڵەتە ڕاستەقینەکەیخۆی وەك چەمکێکی زیهنی بەرخوردی لەگەڵدا نەکرێت ئەوە ناتوانرێت بکرێتە مامەڵەیەکی پراکتیکی لە دنیای واقیعدا.
قسەکردن لەسەر دیموکراسی لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتیەکاندا تا ئاستی بنبەست تەوەرێکی قورسە، چونکە شتێك نییە بتوانێت لەو شوێنەدا دیموکراسیەت بەرهەم بهێنێت، دیموکراسیەت بەرهەمی ئەقڵێکی سیاسی تەندروست و وشیاریەکی کۆمەڵایەتی پگەیشتووە، بەرهەمی تواناو پگەیشتنی سیستەمێکی پەروەردەی مەعریفی و ژیرگەرایە، دیموکراسیەت لە مانا کورتکراوەکەیدا یانی بەرخوردێکی یەکانگیرو تەندروست لە نێوان دەستەڵاتوو کۆمەڵگادا؛ کەواتە دیموکراسیەت تەنها دەتوانێت بەرهەمی بەیەکەوە مامەڵەکردنی ئەو دوو چەمکە بێت، ئەگەر نا نە دەستەڵات دەتوانێت ببێتە خاوەن پاڵادایمی سیستەمێکی سیاسی\ئابوری سەرکەوتوو نە کۆمەڵگاش دەتوانێت لە فەزایەکی فەراهەمکراوی دیموکراسیدا گوزەرانبکات،(فرانك ڤاڵتەر شتاینمایەر) سیاسەتوان و ڕۆشنبیری ئەلمانی لە وتارێکدا باس لەوە دەکات کە (دیموکراسی تەنها گوزارشت نییە لەو شتەی کە خەڵت دەیخوازی، بەکو هەندێك جار سازشوو باڵانسە).
خەریکە بە هۆی ئەو هەموو مانا پێدانەیەوە دیموکراسی ببێت بە خراپترین فۆرمی حوکمڕانی بە دەست مرۆڤەوە، بە دەست ئەو هەموو دەلالات و ماهێندە جیاوازەنەوە، لەو پەی دینگەرا تا ئەوپەری مولحید قسە لەسەر دیموکراسی دەکات و هەر یەکێك دەیەوێت لەدیدگای خۆیەوە پێناسەیەکی جیاوازی پێبدات.

ئەمەی ڕۆژهەڵاتی کێشەمان لەگەڵ دیموکراسی تەنها ئەوەیە کە پێمان وایە ئەو چەمکە تەنها دەبێت دەستەڵات و ئۆپۆزیسیۆن بەرخوردی لەگەڵدا بکات، پێمان وانییە کە تاك بە تاکی کۆمەڵگا دەتوانێت بەشداربێت لە داڕشتن و بونیادی ئەو سیستەمەدا؛ خەڵکی کە نەتواندرێت فۆربکرێت بە وەی وەك هاوڵاتیەك ئەرك و مافەکانی بناسێت لە ناو کۆمەڵگادا ئیتر دیموکراسی دەتوانێت لە ناو ئەو هەموو مەدلولاتانەدا چیبکات؟!، دەتوانێت چی کاریگەریەکی هەبێت لە یەکانگیرکردنی پەیوەندیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا، ئەمە تاکو ئێستا تێگەیشتنمان بۆ ئەو چەمکە لە (هەڵبژاردن) تێپەی نەکردووە، ئەویش زۆر بە ناتەندروستی و جیاواز لە هەموو بونیادو یاسا نێونەتەوەیەکان کە بۆ ئەو پرسەیە دەستنیشان یان فۆرمڵەکراوە،

لەوەشدا نازانین کە لە کۆتایەکەیدا بۆیار دەدات (باشەکان) یان(زۆرینەکان)!؟، کێشە گەورەکەی دیموکراسی لای ئێمە ئەوەیە کە دەبێت زۆرینە لە کۆتایەکەیدا قسە بکات نەوەك ئەقڵێکی پگەیشتوو و تەندروست، وشیاری دەتوانێت لێرەدا ڕۆڵ و کاریگەری خۆی بسەپێنێت کاتێك زۆرینەیەکی سیاسی گەمژە دەبێت بە خاوەن ماڵی دەستەڵات و لە وێوە دێت پێناسەی دیموکراسیەتێکی مەزاجیمان بۆدەکات، لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتیەکاندا ئەو چەمکە واتە دیموکراسی بە شێوە ئەقلانی و ماتریالیستیەکەی پێناسەی بۆ نەکراوە ئەوەی کە هەیە لە بیرکردنەوەی تاکی ڕۆژهەڵاتیدا تەنها (دیموکراسیەتی زۆرینە)یە کە ئەوەش ناتوانێت تەسقاڵێك ئەو چەمکە وەك خۆی ببینێت و بیناسێنێت، زۆر جارخواستی زۆرینە ئەگەر هەڵگری تێزو ئاوەزێکی سیاسی کامڵ نەبێت دەتوانێت ڕۆکارەکانی دیموکراسی بەو ئاراستانەدا ببات کە بیرکردنەوەی خۆی دەیخوازێت نەوەك و کۆمەڵگاو بنەماکانی سیستەمێکی تەندروستی سیاسی، هەروەك و ئەوەی نمونەمان زۆرە لە مێژووی سیاسی کۆمەڵگاکاندا.

ئێمەی ڕۆژهەڵاتی کە نەتوانین ماچی ئازادانەی کچ و کوڕێك لە سەرشەقام قبوڵ بکەین، کە نەتوانین دەستگرتنی دوو گەنج لە ناو باخەکاندا بە ئاسایی وەربگرین ئیتر بۆ ئەوەندە درێژنانە ڕۆمانسیەت لەگەڵ دیموکراسیدا دەکەین، چۆن دەکرێت لە ژێر سێبەری ئەو هەموو قەهرو پەنگخواردویەدا کە بە درێژایی مێژوو تیایدا دەژین ئێستا بڕۆین ئێمە دەمانەوێت دیموکراسی بین!!، ڕاستیەکەی دیموکراسیەت ناتوانێت ببێتە سارێژی هەموو ئەو برینە هەڵاهەڵایانەی ناو دەروون و ڕوانینمان، دیموکراسیەت ناتوانێت کەلاوە وێرانەکانی ناو زیهن و ئەقڵمان بنیاد بنێتەوە ئەوەی کە بە درێژایی بوونمان لێمان دەوخێندرێن .
ئیتر وا باشترە سەرمایەداری ئەو چەمکە لە بازارەکانی خۆیدا بکۆشتەوە و لە بەرامبەردا قەرەبوی قوربانیەکانی کاڵای دیموکراسی بکاتەوە کە بۆ ئازادی مرۆڤ لە بەرامبەر گەلانی ڕۆژهەڵاتدا جەنگێکی وێرانکەر و بێئامانی بەرپاکردووە .

ئیسلام و ئاین و تاکی کورد ... ئاری زەندینی

هەر لە کۆنەوە لەو رۆژەی کە مرۆڤ لەم زەویە نیشتەجێبووە(ئاین) یانیش بڕوا بە ئاینیەکان وەك یاسایەك لە ژیانی مرۆڤەکان بەکارهاتووە, ئاین رۆلێکی گەورەی هەبووە لە ناو کۆمەڵگەوخەزاندا بۆیە ئاین هەندێك جار وەك یاسایەکی ترسناك وتۆقێنەر بەکارهاتووە کە لە وانەیە لە بنەڕەتیشدا وانەبێت ! لە سەدەکانی رابردوو ئایندارى بە چەندین شێوازکراوە وەك (رۆژپەرستن وئاینی فرەخوازی و کەس پەرستن زۆری تر,لەوانەشە هەندێك جار مرۆڤەکانیان کردبێتە قوربانی لە پێناوی ئاینێکدا,ئەمە ئاستی بیرکردنەوەی تەسکی مرۆڤەکان بووە لە سەردەمانی پێشوو, بەلام ئێستا ئاین لەناو کۆمەڵگە دواکەوتوو یان ئەوانەی تازە پێیان ناوەتە گەشەکردنەوە رۆڵێکی ترسنەری هەیە لەم جۆرە کۆمەڵگەیانە نەتوانراوە ئاین بکرێت بەختەوەری ژیان لەوانەیە لەم کۆمەڵگەیانە بەناوی ئاین و لە پێناوی ئاین چەندین تاوانی ترسناك بکرێت بەناوی ئاینەوە هەر ئەم تێگەیشتنە ترسناکە وادەکات ئاینێکی ترسناك لە دایك ببێت واتە لە وانەیە ئاین لە بنەڕەتدا جێی ترس نەبێت بەڵام بەهۆی هەڵە تێگەیشتنەوە وادەکات ئاینێکی ترسناك و تۆقێنەر دزە دەکاتە ناو مێشکی مرۆڤەکانەوە لەوێوە بۆ ناو خێزان و لە کۆمەڵگە باوەبێتەوە کۆمەڵگەیەکی ئاینی ترسناك لە دایك دەبێت.

گەر سەیری خێزان و کۆمەڵگەی کوردی بکەین (باشوری کوردستان) مێشکی تاکی کورد بەشێوەیەك ئاڵۆزە بەو دابەشبوونە جوگرافیەی کە ناوچەکە تێدا هەیکەوتووە واتە تاکی کورد ناوچەیەك کە پێیەتی لە ئایدۆلۆژیایی عەرەبی و تاڵادەیەك زۆر فیکرەی عەرەبی کاریگەری هەبووە لە سەر بیری ئاینی ودانانی سنووری ئاینی بۆیە تاکی کورد زۆربەی بیرکی ئاینی ئیسلامی عەرەبی هەیە واتە بیرکرنەوەی عەرەبیانەی لە ئاین گەیشتووە! واتە بیرکی ئیسلامی عەرەبیانە! واتە نەتواندراوە ئاین وەك مەرجەعێکی راستی بێت لە کاتێکدا لەناو دونیای فیکری ئیسلامی چەندین منەوروبیرمەندوزانا هەن کە بیری عەرەبی کاری تێنەکردوون کەبیری عەرەبی تووندەو هەرگیز نەیتوانی تەئسیری بۆ داهێنان و کارە فەلسەفیە کانیان بێت, بەڵام تاکی زۆربەیان بیرکی ئیسلامی عەرەبی وەرگرتووە بەهۆی نزیکی ناوچەکە لە عەرەب و دراوسێیەتی لە گەڵی, لەوانەشە ئەو کارتێکردنە هی

سەردەمانی زووتریش بۆت دزەی کردبێتە ناو خێزان و کۆمەڵگەی کوردی بە هۆی (باب ،باپیر) یانیش چەندین جار کوردستان لە لایە بیری عەرەبی و سوپایی عەرەبی داگیرکراوە مەبەستیان بۆاوکردنەوەی بیری عەرەبی بووە زیاتر نەوەك ئیسلامەتی ! واتە (تەعریب) کە تا ئەم سەردەمانەی دواتر هەر هەبووە ئێستاش هەر لەو دەرفەتە دەگەڕێن و تاکی کوردی وخێزان و کۆمەڵگەی کوردی هەیە پێشوازی لێبکات ! بۆیە تاکی کوردی هەر لە منداڵیەوە فێری ئاین و تابۆی کۆپی بووە تاگەورەش دەبێت مێشکی داخراوەو بیرکردنەوەی لەنێوان بازنەیك پێچ دەخوات بۆیە زۆربەی کارەکانی لە نێوان (حەڵاڵ و حەرام) خول دەخواتەوە نەوەك زانست و عەقڵ, بۆیە تەنانەت لە ناو تاکی ڕۆشنبیری کوردیش وەك(مامۆستاو ڕووناکبیرونووسەران) نەتوانراوە سوود لە تێگەیشتنی خۆی بۆ ئاین وەربگرێت کەچی هەوێداوە بگەڕێتەوە بۆ بیری زانای ئاینی عەرەب بیرکی ئاینی کوردی دانەهێناوە وەك مەرجەع بۆ کێشەوگرفتەکان و مۆشکی تاکی کورد کە زۆر جیاوازە لە هی عەرەب بە پێی هەکەوتەی جوگرافی و کەلتوری و کۆمەاڵیەتی, لە سەرووی هەموو ئەمانەش تاکی کوردوکۆمەڵگەی کوردی دابەشبوونە سەر چەند بیروبۆچوون و مەزهەبی ئیسلامی جیاواز نەیانتوانیوە ئاینپەروەرکی کوردی دابهێنن.

لەسەردەمانێکدا لە کۆمەڵگەی کوردیدا بە هۆی زۆرداری (خەڵەکی) ئیماندارێتی کوردی بۆبەشبوو لەو سیما فەلسەفی و سۆفیگەرێتی و ئاینەی کە لە جیهان گەشایەوە ئەمەش یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی ئیسلامی کوردی پێکدەهێنێت کە شێخی تەریقەت لە دێ و شاخەکان نوێنەرایەتی ئیسلام دەکەن و تاڵادەیەك بگاتە ئاستی پیرۆزکردن و کەرامەت کەبەسەر تاکی خێ دەیبەخشنەوە, بۆیە تویژەران (توێژینەوە لە کۆمەڵگەی کوردی)گەیشتنە ئەو قەناعەتە دەسۆزی کورد بۆ هێزوخێ وایکرد مەرجیان هەبێت بۆ بۆاوبوونەوەی ئیسلام , لەبەر ئەوەی تەریقەت لە کوردستان بووە تایبەتمەندی ڕۆبازێکی ئاینی کوردی بۆاوبوونەوەی لە چەند ناوچەیەکی وۆاتانی ئیسلامی عەرەبی و غەیرە عەرەبی , واتە لیرەدا کورد توانی چوارچێوەیەکی ئاینی تایبەت بەخۆی دابنێت. لەم ساڵانەی دوایشدا وەك لە دونیایی مۆدێرندا تاکی کورد خۆی خزاندێتە ناو چەند ڕێکخراو حیزبی ئیسلامی دەیانەوە بەعەقڵ و بیری کوردی گەشە بە ئاین و ئاینی ئیسلام بدەن بەڵام زۆر زەحمەتی دەبینن و یەك ناگرێتەوە لەگەڵ عەقڵ وکەلتوورودۆخی کۆمەاڵیەتی تاکی کوردی وکۆمەڵگەی کوردی.

من و کەرکوك لە خەمی دیلبوونی یەکتر ئەخەینەوە … چنوور نامیق

حەڤدە ڕۆی و من و کەرکوك پەڵی
سووری سەرئێشەمان بە تەوڵەوە بەستووە
هەژدە سەرەتاتکییەتی و
من و کەرکوك بێ نیشتیمان
من لە خەمی دیلبوونی ئەو ئەخەمەوە و
ئەو لە عەشقی پەرتەوازەی دڵی منا دائەگیرسێ
حەڤدە ڕۆی و من و کەرکوك
دوور لە وڵات
نەفرەت لە دادوەری ئەکەین
هەردوو بەنیازین بڵێین
وەڵێ تازە دڵی من و کەرکوکەم
فڕێشراو
لەنیشتیمان دابڕاین و
نایەینەوە
حەڤدە ڕۆی و هەشدە دوو دێ و رارایە
من و کەرکوکی بێ پەناش
دڵگەرمین و تاقەتی زەمەنمان نییە!
وەکو پێکی شکاوی دێ
هەر جارەو
دەستی چەپەڵك هەڵمان ئەدا و
لەبەردەم شەڕگەیەکی چەڵکراو جێمان دەڵێ
حەڤدە ڕۆی و تازە من و کەرکوکەکەم
مەحاڵە بگەڕێینەوە
من لەخەمی دیلبوونی ئەو ئەخەمەوە و
ئەو لە عەشقە ناکامەکەی دڵی گەرمم دائەگیرسێ!

31-12-2017

پێنجی یەکی 2018 … سەردار جاف

خەمی غوربەت
چەپکی خۆری ئاسمانی سەوزی ئامانی
دەرگای ئەستێرەی کۆمدا
شیوەنی هەوری ئاگرت و
نوقمبوونی دەریای ئافاتی وات کرد
لە ژووری چۆڵی تەنهایی
نەهەنگ ئاسا بەر بووە وێزەی ئاوەزم
ژاوە ژاوی دڕاندرم
تەنهاییە دەمخواتەوە
لە پاکژی هەستی پێ ئاگایی تیا
لرفەی چەمێ ، شەپۆلی خۆی گوژم دەدا و
تا ببێتە ئاونگرێژ دابارێتە
سەر دوا گەڵای دارستانێکی سەر سەوزم
خووەی چەمێ
ئاوێزانی جگەی خوێنمە
لە تەك بەردا
شەپۆل هەناسەی خۆی دەکوژێ
لە چاوی تێ
کەمانجەژەن
سروودی کافەی بەنی پێ حەسرەتم
دەژەنێت و لوول لوول دەکا
بە نێو تەونی پەنجەکانتا راکشاوە و
دەستەمۆیە و تێدەکۆشێ
سارا ژەنگی خۆی لێم تەنی
لانەی هەناسەی هێمنیم
بووە ماکی ناخی تازەم
قورتاری دەمی گێژەنگم
حاگرتوویەکی ترپك و
پەستی کۆتەڵێژی ژەنگم
ئەستوونی قامەتی نوێیە
پڕی بەخشیوم

تووەیيم گەلێك كێن بووە و
پەرشان و خەیاڵبردووی لانەیەكم
تەنها بە تێ بارگاویم و
هەرچەند بگریم
ناگا بە ساتی پاكژیت
جاێی دەدا شەرابی شەوانی نەنگیم
هێ سەلواكەم
دەمی لێو و كەناری زەریای چاوانم
ئەوك هیشكی پێ تینوێتین
وەك تەنافێ زێر بە نەرم و نیانی خێت ،
شێ بەرەوە
بە سەر پانتایی و بەرینی غوربەتیما
هێندەیش سێمام
لە تێوانینی ێی تێیا
قوێپی هەنسكی گریانە
بزە دەبەخشێتە چركەی كاتژمێر و
كێڤانستانم تەێ دەكا
تێ دوا میلێدی ژیانمی
دوا بێ و گێێژی بە سەر مەینەتیما

Deutschland – limburg

ێوداوەكانی دوێنێ و وانەكانی ئەمێ ! … شاخەوان سەنگاوی

لە خێ پیشاندانەكانی حەڤدەی شوباتی 2011 هیچ دروشمێك لە دروشمەكانی خوپیشاندەران داوای رێیشتنی دەسەلاتدارانی ئەم هەرێمەیان نەدەكرد بەڵكو چەمكی سەرەكی و لە پێشینەی داواكاریەكانی ئەو دەمەی خێپیشاندەران كە بە رەو و رووی دەسەلاتدارانی دوێنكەیان دەكردەوە چاكسازی بوو لە سەرجەم سێكتەرەكان چونكە دنیا بینی نوخبەی ێشنبیران و سەرانی خێپیشاندەران بێ رووداوەكانی رێژ ، زێر لە پێش دنیا بینی سەركردە

سیاسیەکانەوەبوو بۆ دەرئەنجامی رووداوەکان ، ئەمیش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سروشتەی کە نوخبەی ڕۆشنبیرو و هاولاتیەکان دەیانگوزەراند لەم هەرێمەدا بە بۆ میکاجکردن و ڕووپۆش کردنی ڕووداوەکان .

وەکو خۆی دەرئەنجامەکان کە هەیە دەبینرا هەربۆیە درۆترین ماوەی خۆپیشاندانی تۆمار کرد لە کوردستاندا ، کە بەشێوەیەکی تەواو مەدەنیانە لە ماوەی زیاتر لە شەست ڕۆژ داواکانیان لە سەراکان ئازادیەوە لە شار و شارۆچکەکان بە بە گوێی دەسەلاتدارانی ئەم هەرێمدا دەدا ، بەڵام لە بەرامبەردا دەسەلاتداران لە جیاتی پیاداچوونووە بە جۆری و شێوازی پیێوکردنی داسەلاتەکانیان هاتن بە زەبری هێز و لە ژێر ڕووناکی بلاجیکتەرەکانی تاریکە شەوەکاندا خەمەی خۆپیشاندارانیان سوتان وە کەلتوریی سوتانی بارگە و بنەی نەیارەکانیان خستە نێوهگبەی مێژووی باشوری کوردستانەوە هەر بۆیە لە ماوەی بیست و شەش ساڵ لە پرسەی حکومڕانی لەم هەرێمەدا بە تایبەتی تر لە دوای ڕووداوەکانی 17ی شوباتەوە کوردستان هەمیشە لە بەردەم ئەگەری ڕووانی شەپۆلەکانی نارازی هاولاتیاندایە چونکە دەسەلاتی کوردی وەك ئەوەی (نەبای دیبەت نە بۆران) گوێ بە خواست و داواکاریەکانی شەقام نادات هەر بۆیە دەبینین لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا شەپۆلکی تری خۆپیشاندان زەربەی ناوچەکانی هەرێمی گرتەوە بەڕام بە شێوەیەکی تونتر خەلکی ڕژانە سەر شەقامەکان وە دروشمی (أرحل) یان بە ڕووی دەسەلاتی کوردیدا بەرزکردەوە وە بە ئەندازەیەکیش بوو لە هەندێ ناوچەدا بارەگای حزبی و حکومی لە یەك کوانودا دەسوتێنران بەڕام لە بەرامبەردا دەسەلاتی کوردی لە جیاتی ئەوەی بیرکاتەوە وانەیەك لە ڕووداوەکانی ڕابردوو وەربگرێت و بە شێوەیەکی ئاقڵ مەندانە هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی سەرچاوەی ڕووداوەکان هەبهێنێ ، هەر وەکو هەموو جارەکانی تر دەستی دایە شێوە تەقلیدیەکەو بە زەبری هێز کۆکەی خۆپیشاندەرەکانی کپ کردەوە . ئایە ئێمە دەپرسین دەسەلاتی کوردی لە بەرامبەر تۆمەیەکانی خەڵکیدا کەی هەنگاوەکانی چاکسازی بە شێوەیەکی کرداری دەنێت ؟ یان ئەمجارەش مەست دەبیت بەدەرئەنجامی ئەم جۆرە لە کپ کردنەوە کاتیەی تورەیەکانی شەقام ، یان سەرانی ئەم دەسلاتە بیست و شەش ساڵیە بۆ ئاگان لەوەی دەرئەنجامی ئەو جۆرە لە حکومەتانیەیان کە لە ئێستادا بە دەردەکەوێت هەموو بنەماکانی حکومڕانیان ئیدی چ لە ڕووی سەربازیەوە یان ئابووری و کارگیری وسیاسی و کۆمەلایەتی ... هتد .
لە بازنەی داتەپیندایە ، وە هیچ سەنگ و بەها و متمانەیەکیان لەلای

تاکی کوردی بێ نەماوەتەوە ، ئیدی دەسەلاتێك تاکەکانی خواستی مانەوەیان نەبێت ! چۆن دەتوانێت درێژە بە مانەوەی دەسەلاتی خۆی بدا بێ ماوەیەکی درێژتر …

شاخەوان سەنگاوی
Shaxewan.saed@gmail.com

سیناریۆی خۆپیشاندانەکانی ئێران ودووبارە بوونەوەی شۆشی سووزی بێ ئابڕایەتی … بەختیار نامیق

پشتی کەوالیس و خۆپیشاندانەکان دو دیدگای تەواو جیاوازن ، ئەگەر چی تاکی ئێرانی لەژێر فشارێکی زۆری ژیاندایە و پرسی نرخی شمەك بوتە داینەمۆی ئەم خۆپیشاندانانە و دوا جار داواکاریەکان گەورەتر دەبێت بە پرسە سیاسیەکان و پرسە نەتەوەییەکان ، کاتێك زۆربەی شارەکان دەگرێتەوە ناڕەزایەتی خەڵك بە خەرجکردنی پارەیەکی گەورە بە فراوانخوازیەکانی ئێران لە دەرەوە ، لەسەر حسابی تاکی ئێرانی دەبێت ، ئەگەر ئەمە هۆی سەرکیەکەی خۆپیشاندان بێت ئەوا دەبێت هووە شاراوەکانی چی بن ، ئەوە دەزانین کە ئێران بە ئەوەی بتوانێت هاوسەنگی رژێمەکانی ناوەڕاست بە بەرژەوەندی خۆی تەواو بکات ، دوای دوبارە نەخشە کێشانەوەی تورکیا ، ئەوا دەبێت سەرمایەکی زۆر بخاتە خزمەت ئەم پلانە فراوانخوازیەوە ، ئەمەش دەبێتە دابەزینی ئاستی ژیانی تاك و خەزانی ئێرانی و ئەوەش دەزانن ئەمە وا دەکات هەق و تۆمەی گەورە دروست ببێت ، هەر بۆیە بە دامرکاندنەوەی ئەم هەق و تۆمەیە هەر چەند ساڵ جارێك ئێران بە خۆی خاڵی کردنەوەی ناوەوەی پێویستی بە خۆپیشاندانێك هەیە و دوا جار جگە لە دوبارە بوونەوەی سیناریوکانی نەوان ئەحمەدی نژاد و موسەوی و کەروبی هیچی تری لە ناکۆتەوە ، ئەمە دوای زنجیرە بومەلەرزەکان هەو دەدەن کە دوێت وەك پێویست نەبو لە بەهانا هاتنی

زیان لێکەوتوانەوە ، کە بوە دەرگای کردنەوەی هەمو رقە ئابوری و سیاسی و نەتەوەییەکان ، ئەگەر لە ٢٠٠٩ بە ٢٠١١ شەشی سەوز تاکتیک و سیناریویەکی خەیان بوبێت (ئەو کات بە دڵنگی ساختە و دزراو بو بەهام ئەستە سەقفی داواکان گەورەترە بە گەینی سیستەمی وڵات) ئەوا ئەستا لە هەناوی ئەم خەپیشاندانەدا و لە پەنای داواکاری خەڵک باندێک ئەم پلانی خە خاپیکردنەوەیە بە پێ ی پلانێکی دراسەکراو جێ بە جێ دەکەن ، ئەگەر خەپیشاندانی ٢٠٠٩ چەند سەرکردەیەکی ئیفەرمخوازی وەک موسەوی و کەروبی سەرپەرشتی کردبێت و دوا جار هەردو باسەکە (موسەوی نەژاند) دوو باڵی خامنەئی بە بێتن بە فەینی ئەران ، ئەوا ئەم جارە ئەم خەپیشاندانانە هیچ رابەرایەتیەکی نیە ، جارەکە لە ڕقێکی گەورەی ناوەکی و ناتوانێت تا سەر بێت وبگاتە داواکاری گەینی سیستەمی وڵات ، ئەگەر چی شەشی سەوز زیاتر پایتەختی گرتبوەوە و ئەم خەپیشاندانانە زەربەی شارەکانی گرتوەتەوە ، بەهام مادام بە ڕابەرایەتیەکی ئادیکاڵ ناتوانێت بە ئامانجەکانی بگات ، هەمو ئەو خەپیشاندان و شەشانەی دنیا ڕەکخستنەک و حیزبەک و گروپێکی لە پشتە ، بەهام نەک وەک کەروبی و موسەوی کە جارە سیناریویەک بو بە خە خاپیکردنەوەی ناوەکی و ڕەگەگرتن لە پلانی ئەمریکی دژیان ، دوا جار ئەمریکا و ئەوروپاش تا دەگاتە ناتە جگە لە چەند ئاگەیەنراوێکی ئاگەیاندنی هیچی تر هەوەستیان نابێت ، چونکە ئەو دەزانین ئەمریکا گەپی سەوزی بە نهەنی بە ئەران هەکردوە و بەدوای هاوسەنگی هیلاڵکاندا دەگەێت ، ئەمەش بە ئەوەیە بتوانێت شەی کەریای باکور بکات ، بە تایبەت لە ئەستادا سین بەرامبەر سیاسەتکانی ئەمریکا بە کەریای باکور تەماویە بەیە ئەمریکا و ناتە نایانەوێت پشتوان بە کەریا دروست بکەن ، بە تایبەت ئەران و بە ڕەزامەندی ڕوسیا لە پشتی کەوالیسەوە ، بەیە لەم خەپیشاندانەدا جگە لە شەی ئاگەیاندن هیچ پشتیوانیەکی مەیدانی لەایەن ئەمریکاوە بە خەپیشاندەران لە ناکەوەتەوە و پە دەچێت هەر سیاسەتی خەیان بێت و ئاگەیاندنیش وەک دەمامکێک بەکار بهەنن و لە ژەرەوە ڕەک بن ، ئەگینا ئەگەر ئەمریکا مەبەستی بێت بە کردار دژی ئەران بێت ئەوا دەتوانێت وەک نمونە لە یەمەن بە ئاسانترین شیوە کەتای بە حوسیەکان بهەنێت ، ئەوەش دەزانین کە ئەران دەتوانێت خەتەری گەورەی هەبێت بە سەر بەریەکانی نابەکە و دەستی هەیە لەسەر وڵاتانی دەریای قەزوین کە بە یەدەگی غازی جیهانی ناسراوە ، تا دەگاتە پاکستان و ئازەربایجان و ئەفغانستان وهەتا وەزیرەیە و کشمیریس لەوەوە بە ناو ئاو و تومبەکان و ئەبو موسا و لەو بەریشەوە یەمەن و لیبیا ولوبنان و سوریا و عەراق تا ئاستەکیش ئەستە ئەگەری ئەوەی هەیە بتوانێت لە

دەریای سپیدا پەگەی هەبەت ، خە ئەگەر بەس بیان توانیایە گەروی عەدەن داگیر بکەن لە پەگەی حوسێکانەوە ئاوا دریایی سور ئاسان دەبو دەیتوانی بگاتە جەبەل تاریق.
بە بەچونی من مادام خەپیشاندان خاوەنی پەبەریەتیەکی رادیکالی ئاستەقینە نیە نەک ناتوانەت بگاتە ئەنجامەکانی و هەر خەیان دروستی دەکەن و هەر خەشیان دوژمنە درکییەکە ، کە کاە بوبویەوە لە ناوخەدا تەخ تر دەکەنەوە ، کە یەکەتی ناوەکی ئێران وەک ئەمریکا بەستراوە بە دروستکردنی دوژمنەکی گەورەی دەرەکیەوە ، دوا جار مادام ئێران و ئەمریکا هەردوکیان پەویستیان بە دوژمنەکی دەرەکی هەیە هەر خەشیان ئەو بەشایی بە تاکتیکەک و سیناریو ماکیاجەک بە یەکتر تەواو دەکەن ، نە ئەمریکا بە کردار دژی ئێرانە نە ئێران بە کردار دژی ئەمریکایە ، دوا جار دو دوژمنی کارتەنین لەسەر سفرەی بەرژەوەندی هاوبەش ، وەک چەن شەشی سەوز تاکتیک و سیناریو بو ، ئاواش ئەم خەپیشنداناند دەکرەتە سیناریو و جگە لە خەباتەکردنەویەکی ناوەکی هیچی تری لەناکەوەتەوە ، لە پلانەکانیشدا لای دوەەتی ئێرانی ئاسایی ئەگەر چەند هەزار کەسکیشی لە بکوژرەت .

فەزایەکی سەیر!! … چالاکی ئاغجەلەری

ناوی زل و دەی وێران…ئەم پەندە هەک بە ئەو حکومەتە ووتراوە کە پەی دەەن (حکومەتی هەرێمی کوردستان) ، ئەم دەزگا شەرعیە لە چوارچێوەی عەراقی عەربیداسەلماندی بوونی دەسەاتەکی هەرێمی کوردی لە کیانەکدا کە هەمیشە بەشەکی دانەبەاو بووە لە دەوەەتانی نەژادی عەرەب بە خەی سوعبەتەکی سیاسی (هەزەلی) هەروەها هەوەەکە بە موتوربەکردنی داری بەەوو بە خورما کە هەریەکە سەر بە کەش وهەوایەکی دژ بەیەکن، هەروەها پاسیق بوون بە دونیای نەژادی و هەچکەیگوزارشتی ئاینی بەشەکی دانەبەاوی هەردوو بەرێیە کەواتە دەست بردن بە پرسەکی لەم جەرە ئەوی وون دەبەت دەز ئینسانیەکەیە وەک ئەوەی کە دەبینرەت ، ئەمەنگاوە چونکە هەر لەسەرەتاوە بە فەنابوونی کەمەگە وەکو ئەوەی کە هەن کەوتە جوە

، بەم جۆرەکەتە بەدوای خۆیدا لە ناشیرین کردنی خواستی گەلی کورد (وەکوخواستەکی ئینسانی)خۆونی لە مێژینەی جگەئاوی ژیانی بە هەبەستە بوو، ئامادە نەبوونی بیر و کار هاوکات کەستی کارا دەستپێکی هەڵکان بوو ، کردیان بە وەهمکدوور لەحەقیقەت ، درێکان پگەیاند چەندین دێی ترمان پۆیستە تروسکای ئاستگەیمان لە هەبەت، ئەمە وەک زایەڵی نائومێدی ناپرژنم ، بەڵام هەقیقەتەکە دەبەتدەست بە سەرداوی ئەو ئاڵزێ بەرین و نەترس و پشوو درێژ لە یەکیان بکێنەوە ، ئەم دەمو چاوە چرچ و لەچانە دونیایەکیان بە ئەو خەڵکە هەناوە هەرچی جوانیەبەدیناکرەت، هەموو پێکەا بە گەورەو بچوکەوە ، بە دەسەات و ئکابەرەوە بە هەمان ستایل و هەندە جیاواز لە ووردەکاریدا هەڵپێ پشووی کورسی پشتی مێزن، ئەمخەڵکانە زۆر جیاوازن لە کەسانی ئاسایی، بەوەڵاهاتون هەمیشە بە دوای درێکی نوەوەن کە تەمەنی سیاسیان درێژ بکاتەوە.

ئەوێ ئەمە دەبینرەت جیاوازترە لە دوێنێ (فۆرمی پیشاندانی درێ)چۆن؟ با لەو هەزانەوە دەست پێبکەین کە کێی دەسەاتیانە ، حزب هەیە دروست نەبووە بەڵام باێیگرتوە و یەکتر تەخوین دەکەن، حزب هەیە نەتروکاوە نازانەت سەنگی چەندە لە کەمەگەدا دەبەتە زمان حاڵی خەڵک، ئەپۆزیسیون بە ئەرکی حکومەت هەدەسەت(بە لەجیاتی دانان داواکاریەکانی خەڵک دەگەیەنەتە شوێنی مەبەست!!)، حکومەتیش بە جۆرێک گەندەڵی و ێفراندەم شەحنی پێنەهێشتووە، دەوەتی ناوەند لە ژێر شەحن دیناوە!!، بە خێی سجن گەورەترین بەڵایە بەڵام بە قودرەتی قادر لە فەزای ئەمەدا بە هەندە کەس قەڵا وپشت و پەنایە، ئەوێ دز و گەندەڵ بە جەناب بانگ دەکرەت، حزب هەیەبەهەندی سریەکی سەربازی نابن داوای شەشی چەکداری دەکەن !!، زۆر سەیر و سەمەرێی تریش خەتان ێیزیبکەن.

خەڵک بە چەندین شێوە شەقامی تاقیکردوە وەک هەموجارێک چەند دایکێک جۆرگیان سووتا هەندە لایەن تابوتەکانیان کرد بە پێژە و سەرکەوتن ، دەسەات ئەوێمبەستەتی بە ئەبەد فیرعەون ئاسا هەنگاو بنەت گرەویان لە شەقام بردەوە و وەرانیان کرد ، پێامەکیان گەیاند خەڵکیان کرد بە فەوزەوی و ئەنارکی ، گەنجە هەزر پۆگیرفان بەتاەکانیان بەو فۆرمە ناساند، ئیدی ئەم مەملەکەتە پە پەتی لە هاوکێشەی پێچەوانە ، نا مەنتقیەت گێشتەتە ئاستێک یار و هاوتای دەسەات کە ئاگاداری تەواویناددیەکان بوو خێشی بەشێک بوو لەحکومەت ، بە جۆرێک .. دەریان کردن نەێشتن ،

بەدوای ئەمشدا پەنجەی شایەتمانیان مەرکرد بە پرسی یەفراندەم دوای دەستانیتا ئەو پەیی (ساجی عەلی) ،تازە دەستن بابای دەستاتی گەندەن !!، ئەم گەمەیە تەنها و تەنها بۆ کەردنەوەی دەنگی پەرتەوازەکانی چەند مانگی داهاتووە و هیچی تر.شکستی دەستاتی کوردی لە ئەستای عەراقدا هیچی کەمتر نیە لە نسکۆی(ئاشبەتاڵ) دوەنیی١٩٧٥، مایەی سەرسوڕمانە ئەم دەستاتە بە کەی شکستە سیاسی و ئابوریو ئیدارییەکانی ، بوێری ئەوە دەکەن وەک دەستات خۆیان بناسێنن (ووە قایمن بە مانای ووشە)؟!!، چیان لە کشکەکیان ماوە شایستەی ستایش و دەست خۆشی بێت!بەتاڵ بەتاڵ … خۆنی دەوەتی کوردی نموونەی دوا فەرمی درۆ، کردیانە تابوتی یەفراندەموە بە هەتایە نەژرا، بە نگبەتییان وەک دوا فیشەک چروکی کرد !!، وەهمیکورسی سەرکیشیان بەتاڵ کردوە ، کەیەک لە جوانترین دیاری ساڵی پار بوو بە ئەو خەکە.

لە پەراوێزدا ، دەستاتێک بە متمانەیی گەل لەدەست بدات بە هەموو پەوەرکان دەبەت خۆی هەبوشنتەوە، هەر بەردەوامیەک لەم حکومەتە درۆدانە بە پاراستنیبەرژەوەندیە حزبی و کەسیەکان، دنیام ئەو هەز و لایەنانەی دەستیان بەم ئیدارییەوە گرتوە هونەری مانەویان ئاشکرایە و ئەرزشکی نەماوە بە نمایش کردن ، کەیهەموو ڕاستیەکان لە بەردەوامی بەوەبردنی هەڕەمی کوردستان متەکی ئاشکرایە، مانەوە و بەردەوامیدان بەم فەزایە هەر زەر سەیرە!

باشترین کاری حزبەکانی کوردستان لەم کاتەدا ئەوەیە کە هیچ کار نەکەن … عیماد عەلی

لەم وەزعە ئاڵۆزەی ئەم قۆناغە فرە ڕەهەندە شێواوەی ناوچەکە و کوردستان. عەبقەریەکی خاوەن زانیاری هەمەجۆر و دەستڕێشتویەکی پر مەعریفەتی دەوڵەت سەری لێدەربکات نەك ئەوانەی سەر شاشە و تازەپێگەیشتووانی دوور لە سەلیقە، کە جگە لەبەرپێی خۆیان هیچ

نابینن. خوێندنەوەی هاوکێشەکان و ڕەفتارکردن بە پێی وردەکاریەکان و قازانج بینین لە دیاریکردنی ڕوانگەی قسە کردن و هەڵوێست نواندن، قورسترین ئەرکی شارەزایانی سیاسەتی کوردستانە، کە نازانم نیمانە یان زۆر دەگمەنن. ئەوەی ڕاستی بێت مامەڵە کردن لەگەڵ پێشهات و گۆڕانکاریەکانی ناوچەکەی لەمەڕ خۆمان زۆر قورسترە لەم کارە کە لە ولاتە ئارامەکان و خاوەن یاسا و ڕێسا جێگیرەکان بکرێت، کە ئەرکەکان بە پێی سیستم و پسپۆری دابەشکراون. بەڵام لای خۆمان، لە دەرئەنجامی نەبونی دەستور و یاسا و دیموکراسیەتی ڕاستەقینە، خواوراسان هەریەکە جا کوری مامی یان پوری یان برازای یان پلکزای سکرتێری ئەم حزب یان ئەو حزب بێت یان و، بە پشتخانی بێ فکری خێ و ئەو توانایەی کە مەحسوبیەت و مەنسوبیەت پێی بەخشیوە تێهەڵدەقورتێت و نازانێت دەرئەنجامی دەستکاریکردنەکەی چیی لێ دەکەوێتەوە .
ئەمڕۆ ئێران لە قۆناغی پاش کۆتایە و بە هەر شێوەیەك بێت وەکو پێشتر وتمان و بە یەکێك لەئەگەرەکان لەقەڵەممان دا، تاڕادەیەك خۆپیشاندانەکان خامۆشکراوەتەوە و بێگومان گۆڕانی گەورەش ڕوویداوە و ڕوودەدات و بە پێی دیفاکتۆ بیکردنەوە و ڕەفتاری ڕژێمی ئیرانیش وەك پێشتر نابێت و تا ڕادەیەك بەخۆداچونەوە بە شێوەیەکی دیاریکراو خێی دەسەپێنێت بەسەریدا.

تورکیا تا ڕادەیەك سیاسەتی خێی لە ناوچەکە یەکلایی کردۆتەوە کە زیاتر بەلای میحوەری ڕوسیادا نزیکتری دەکاتەوە و هەڵوێستەکانی لەمەڕ ئێران بێ ئەمریکا و جیهانیشی دەرخست چیی دەکات و چیی دەوێت و ئەولەویاتەکانی چین، بۆیە جموجۆڵەکانی تورکیا لە سوریا و کوردستان و عیراق دەکەوێتە قۆناغیکەوە کە دابرانی زیاتر لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانانی دروست دەکات .
بەغدا تا ئێستا و هەر ڕۆژە و قسەیەك دەکات لەبابەتی پەیوەندیدار بە هەرێمی کوردستانەوە و، ئەوەی لێی دەخوێندرێتەوە زیاتر دەستی دەستی کردنە بە خەڵك و بریارە پێشنیار کراوەکان و لە خۆدزینەوە لە هەڵوێستە ویستراوەکاندا دەردەکەون، ئەگەر عەبادی لەژێر فشاری زۆری ئەم و ئەویشدایە و دەیەوێت بە هەڵوێست و لێدوانی دژبەیەك خێی لەو حاڵەتە دەرباز بکات و ئەوەی ڕوونە لای هەمووان کە نیازی عەبادی ڕوون نیە و هەڵوێستی ڕاستەقینەی دەرناخات و یاری دەکات، تاوەکو چارەنوسی هەڵبژاردن و بریار لە دیاری کردنی کاتەکەی نەدرێت. هێزە عیراقیەکان هەریەکە و لە دێکدان و کاریگەری وەزعی ئێران لەسەر ڕژێمی عێراق دەستواڵایی بێ هەندێك لایەن مەیسەر کردووە و لایەنی شیعە بە هەموو ڕەوتەکانیەوە لە دەرئەنجامی ئەگەرە

خراپەکانی ئێران زەرەرمەند دەبن و هەموو هاوکێشەکان تێکەڵ دەبن و لەوێدا کورد تا رادەیەك قازانج دەکات، بەڵام ئەگەری خراپیشی هەیە.

لەم بارەدا حزبەکانی کوردستان نەك حکومەت چی بکەن باشە؟ ئەوەی ئەم حزبە سەرەکیانە بناسێت، دەزانێت لە روانگەی بەرژەوەندیەکی تەسکی بی بنەمای جێگیر و دوور لە خێپاراستن لە لادان لە خەتی سوری نەتەوەیی و نیشتمانی و لە کورتبینی سیاسی و تەکتك و کاردانەوەوە، رەفتار و بریار دەدەن. بۆیە لەم کاتەدا ئەگەر لەمەر پرسە ستراتیجیە گرنگەکە، کە لەم قۆناغەدا پێویستی بە بەرکردنی ئەم بارەیە بە کەمترین زیان بێ میلەت، خێیان سر بکەن و هیچ هەوڵستێکی حزبیانە لەسەر پرسە چارەنوسسازەکان دەرنەبرن و تەنها چاوەڕێی گۆرانکاری خۆرسك بن کە لە ماوەیەکی نزیکدا رووەدات .

ئەگەر قسەکردنەکەت لە زیو بوو بێدەنگیت لە زێر بێت، بێدەنگیەکەت هەبژێرە بێ خێت و بێ دەوروبەرت و ئەوانەی لە پەیەوەندیدان لەگەڵتدا باشترە. تێیەك کە تادوێنی هەم لەدەسەلات و هەم لە ئۆپۆزسیۆن بویت و دەزانیت متمانەی خەڵك بە رەفتار و هەڵوێستت کزبووە . ئێستا وا خێت دادەنێیت کە بێ خەڵك ئەم رێگەیەت هەبژاردووە، ناتوانیت خەڵك بخەڵەتێنیت، لەبەر ئەوەی قسە و رەفتارەکانی دوێنێت لە بیر خەڵك ماوە. لەبەرامبەردا تێیەکی حزبی دەسەڵات، لە سەرجەم بڕچونەکانت بە رێژەیکی گەورە هەڵە بووێت و لە هەنگاوەکانت شکستخوادوبویت، لەم کاتەدا خەڵك هیچ متمانەی پێت نەماوە و هەر شتێك بکەیت لێتی وەرناگرێت .

بۆیە، باشترین کاری حزبی بێ سەرجەم حزبەکانی کوردستان بە تایبەتی ئەوانەی تا رادەیەك جەماوەریان ماوە و خاوەنی ئامرازەکانی مانەوەی ئەندام و لایەنگرانن، باشترین کار لەم کاتەدا بکەیت، سرکردنی خێت و کارنەکردنتە کە باشترین هەڵوێست و بەپێزترین کارە کە بێ میلەت بە قازانج بشکێتەوە و هەر کارێکی تر تەنها بە زەرەر بێ خەڵك دەشکێتەوە . تاکە رێگە بێ مامەڵە لەگەڵ ئەم قۆناغ و واقیعە بگیرێتەبەر ئەوەیە رێگە بە حکومەت و بە هاوکاری خەڵکانێکی بە توانا نەك بە پشت بەستن بە هەڵوێستی حزبەکان ،بدرێت، بێ ئەوەی دوابەختی خێی لە دەربازبون لەم قەیرانە تاقیبکاتەوە و بێ ئەوەی زیاتر لایەنەکانی دەرەوەی هەیم لە هەموو لایەکەوە ئیستغلالی ناکێکی و دووفاقی سیاسی و کەڵنە گەوەرکانتان نەکەن . بۆیە دەڵێم ئەی حزبەکان؛ خێ سرکردن لە رەفتار و هەڵوێست و کار لەمەر پرسە ستراتیجیەکانی پەیوەست بە چارەنوسی میلەت و تەنانەت بێ کاری

ڕۆژانەی ئەمڕۆتان و بۆ پەرینەوەی ئەم قۆناغە سەختە بە کەمترین زەرەرەوە، باشترین هەوڵستی ئەمڕۆتانە .

پاڕاوردکردنی منداڵان بۆ لێبووردن... ڕۆژا شوان

منداڵە چاوگڕش و شیرین و خۆشەویستەکانمان، نەوەی ئەمڕۆن و هیوای داهاتووی کورد و کوردستانن.. بۆ نرختڕین سامان و سەرمایەی گەلەکەمانن.. گۆشکردن و پاڕاوردکردنیان بۆ دروستی و ئاراستەکردنیان بۆ ڕاستی ئەرکێکی پێویست و پیرۆزی ئەستۆی خێزان و قوتابخانە و کۆمەڵگا و هەموو هیواخوازێکی داهاتوویەکی باشتر و شیاوتر و گەشترە بۆ کورد و کوردستان.. پێویستە لە منداڵییەوە بۆ بەها پیرۆزەکان و پرەنسیپە بەرزە نیشتمانییەکان و مرۆڤایەتییەکان پاڕاوردیان بکەین.. لە منداڵییەوە بۆ بنەما سەرەکییە ئەرێنییەکانی ژیان و سازان و پێکەوە هەڵکردن ئاشنایان بکەین.. بۆ ئەوەی ببن بە کەسایەتی بەوابەخۆ و گەشبین و سەرکەووتوو.. ببن بە تاکی دروست و خۆبەخش.. ببن بە کەڵەکە و کاریتەی تەبایی و خۆشبەختی کۆمەڵگای کوردیمان. پێویستە وا پاڕاوردیان بکەین، کە شانازی بە ناسنامەی کوردستانی بوونی خۆیانەوە بکەن و هەستی هاوبەستەبوونیان بە شارستانییەت و بە مرۆڤایەتی هەبێت.. هەر لە منداڵییەوە منداڵەکانمان بە ڕەشنبیریی برایەتی و خۆشکایەتی و هاوڕێتی و کەسایەتی و قبووڵکردنی یەکتری و ڕێز و خۆشەویسی و یەکسانی و دادپەروەری و هاومافی و ڕێزگرتن و خۆشەویستی کەسانی تر و کرانەوە بەووی کولتوور و کۆمەڵگاکانی تر و باشخوازی و ئاشتیخوازی و لێبووردن و بەخشین پاڕاوردیان بکەین.. لە منداڵییەوە لە هەموو شێوەیکی دەمارگیری و تووندوتیژی و ڕەگەزپەرستی و تووندڕەوی ئاینی و تایفی و خێڵەکی و کەسنەویستی دووریان بخەینەوە.. ئەمڕۆ ئەرکێکی پێویست و پیرۆزی هەموومانە، کە بەم بەها و پرەنسیپ و ڕەوشتە جوانانە پاڕاوردیان بکەین.

پاڕاوردکردن و ڕاهێنانی منداڵان بەو بەها و پرەنسیپانە، لە شەو و ڕۆژێک دا نایەنە دی، پێویستیان بە سنگفراوانی و دڕوون گۆڕیی

و پشوودرێژی و خۆڕاگرتن هەیە.. پەیوەستیان بە پلان و بەرنامەیەکی هەنگاو بە هەنگاو هەیە.. تا دڵنیابین کە ئەنجامەکان ئەرێنی دەبن و بە درێژی ژیانی منداڵان کاریگەری و ڕەنگدانەوەیەکی ئەرێنییان لەسەر ژیانی خۆیان و لەسەر کۆمەڵگای کوردیشمان دەبن.
یەکێک لەو بەها پیرۆزانەی ناومان بردن (لێبووردن)ـە، کە هەموو ئاینە ئاسمانییەکان و تیۆرە پەروەردەییەکان، جەختیان لەسەر گرنگییەکانی بەهای لێبووردن و بەخشین کردۆتەوە، کە یەکێکە لە هەرە خەسڵەتە جوانەکان و پرەنسیپە بەرزەکانی مرۆڤ.
ئامانجی پەروەردەی نوێ لە ئامادەیدا، بە ئاراستەی بنیاتنانی ڕەشنبیری ئاشتی و هەستپاکی و سۆز و ڕووحی مرۆڤایەتی و بەهای لێبووردنە، دژایەتیکردنی هەموو شێوەکانی توندوتیژی و دڕندەیی و زاڵبوون و خەسڵپاندن و چەوسانەوەیە.. لە بنەڕەتیش دا، پەروەردە لەسەر بنەمای بەهای لێبووردن و ئاشتی و ئازادی مرۆڤ و لێبووردە هاتۆتە کایەوە.. بەیە پەیوستە سیاسەت و داشتنی پەیڕەو و پڕۆگرامەکانی فەرکردن و خوێندن، لە هەموو قۆناغ و ئاستەکان دا، لە باخچەی منداڵانەوە تا دەگاتە خوێندکارانی زانکۆکان، هەموو هاوکاربن لە ڕوندان و شیرینکردن و بەرجەستەکردنی پرەنسیپەکانی پەکەوتەیان و سازان و لێکگەیشتن و لێبووردن و خۆشەویستی و ڕێز و ڕێزگرتن لە ڕا و بۆچوونی جیاواز.. پەروەردەکردن و ئاراستەکردنی دروستی منداڵان هەکاری پەکەوتەیان و گونجان و سازانێ، نەک هەکاری ململانێ و بەربەرەکانی.
(هیلین کیللەر) دەڵێ:"باشترین دەرئەنجام لە پەروەردەدا لێبووردنە"
لێبووردن زمانێکی نەرم و شیرینە، چەمکێکە واتای بەخشین لە کاتی توانا و هێزدا دەگەیەنێت.. پەیوستە لە منداڵیەوە منداڵەکانمان فێری ئەم زمان و چەمکە بکەین.. لێبووردن دروشمێک نییە بوترێ یا بەرزبکرێتەوە، بەڵکو لێبووردن دەخێکی دەروونی و ڕەوشتی و کۆمەڵایەتییە، کە لە ویژدانی منداڵان دا دەوەت.. لێبووردنیش لە خودەوە دەستپێدەکات، ئینجا لە کەسانی تر.

گەر بە منداڵی خەماندا بچینەوە، ئەو یادەوەریانەمان دێتەوە یاد و بەرچاومان، کە زەر جار لەگەڵ خوشک و برا و هاوڕێکانمان دا، ناکۆکی دەکەوتە نێوانمان.. تووڕە و زیز دەبووین، بەڵام لە دڵمان ناگرت و زەری ناخایاند، بە ئەوپەڕی دڵپاکی و هەستپاکییەوە دەستمان لە ملی یەکتری دەکرد و داوای لێبووردن و بەخشینمان لە یەکتری دەکرد و ئاشت دەبوینەوە و لاپەڕەیەکی نوێی دڵپاکی و بەتاوانیمان هەڵدەدایەوە.. بەڵام کە گەورە بووین و گرفت و

کۆشکانمان زیادیان کرد، توانای لێبووردن و بەخشینمان کەمتربوونەوە.. دەرفەت بە بەرانبەرکانمان نادەین بۆ کە خۆیان دا بچنەوە.
ئێمە هەموومان پێویستیمان بە یەکتری هەیە.. با دڵپاکی و بەتاوانی و لێبووردن و بەخشینی منداڵیمان بگێڕنینەوە.. بۆ دڵکی گەورە و بۆ رق و کینە لەگڵ هاوڕێ و دراوسێ و کەسوکار و کەسانی تردا، بە نەرمی و ڕێزەوە گفتوگۆ و ڕەفتار بکەین.
با لە ناخی دڵمانەوە، دروشمی ژیانمان، ئاشتی و لێبووردن و تەبایی و سازان بێت.. با هەردەم دەستپێشخەربین لە لێبووردن و بەخشین، ئامۆژگاری ویژدان ئاسوودەییە.
لێبووردن ئەوەیە کە تۆ لە خراپە و هەڵەی کەسانی تر ببووریت و بیان بەخشیت، بیر لە لێژیکی وەڵامدانەوەی خراپە بە خراپە، یان تۆڵە بە تۆڵە نەکەیتەوە.. تێپەڕاندنەوە کۆشکان قووڵتر دەکاتەوە و توندوتیژییەکی زیاتر و کارەساتی خراپتری لێدەکەوێتەوە.

هەندێ کەس بە هۆی لە لێبووردن گەیشتوون، پێیان وایە کە لێبووردن و بەخشین لە لاوازی و بێتوانایی.. کەسانی لێبووردە توانای ڕووبەڕووبوونەوە و تێپەڕاندنەوەیان نییە.. ئامۆژگارییەکی هەڵەیە، بۆ ئەوەی واتێنەگەن کە کەسانی لێبووردە لاوازن و بڕیون و توانای بڕڕپەڕچدانەوەیان نییە.. پێویستە ئەوە بزانن کە یەکێک لە بنەماکانی لێبووردن ئەوەیە کە لێبووردن لە خەسڵەتە جوان و ئەرێنییەکانی مرۆڤ. کەسانی لێبووردە دەروون گەورە و سنگ فراوان و ژیر و دووربینن، لە توانا و بەهێزی دا دەبوورن و دەبەخشن.. لە ڕاستیش دا، لێبووردن باشترین تێپەڕاندنەوەیە.. ئەو دڵەی کە پڕبێت لە ڕق و لێبووردن و بەخشین و ڕێز و ئاشتیخوازی و سازان و گونجان، دڵێکە پڕ لە ئاسوودەیی و خۆشەویستییە، دڵێکە کە جێی ڕق و کینە و تونددوتیژی و دەمارگیری و چەوسانەوە و تێپەڕاندنەوە و خراپەخوازیی لێنابێتەوە. لە ڕاستیش دا لێبووردن و بەخشین گەورەتین تێپەڕاندنەوەیە.

(مەهاتما گاندي) دەڵێت:" لاواز ناتوانێت ببووڕێت، لێبووردن لە خەسڵەتی بەهێزکانە" (جەواهیر لال نەهرۆ) ش دەڵێت:" تەنیا دەروون گەورەکان دەزانن لێببوورن چۆن"
زۆر لە لێکۆڵینەوە دەروونییەکان و ڕەوشتییەکان و پزیشکییەکان لە زۆر لە زانکۆکانی جیهان دا، لێوانێش لە زانکۆی (کۆلۆمبیا) ی ئینگلتەرا، ئەوەیان بە دەرکەوتووە، کە لێبووردن و بەخشین گەلێ سوودی تەندروستی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و ژیانییان بۆ کەسی

لەبووردەبەخشیوە.. ئەوەشیان بە ساغ بوونەوە کە ئەو ئارامی و ئاشتییەی لە ئەنجامی لەبووردن و بەخشین دا دەندی، بەرگریی لەش خەشتەردەکەن، ئەم راستییەش ئەو رووگەشییەیە کە بە دەموچاوی لەبووردەوە دەردەکەوێت.
ئەوەش دەزانین کە لەبووردن و بەخشین بەها و پرەنسیپکی رەمکی بەماوە نییە، کە لە باوباپیرانماندەوە بەمان ماببێتەوە، بەڵکو لەبووردن وەرگرتن و فێربوونە.

شارەزایانی ئەم بوارە، هاوڕان لەسەر ئەوەی کە رەشنبیری لەبووردن و بەخشین لە خەزانەوە دەست پێدەکات، خەزان رەگەزکی گەورەی هەیە لە ڕووماندنی ئەم پرەنسیپە مەقایەتییە لە هەش و دەروونی منداڵان دا، گەر پەیوەندییەکانی نێوان دایک و باوک و خوشک و براکان، ئەرێنی بن و لەسەر بنەمای خەشویستی و ڕەز و نەرم و نیانی و ئەرکەکان و مافەکان و بەرپرسێتی بنیاتنرابن، نەک لەسەر بنەمای تووندوتیژی و بەگەزی و ناکۆکی و ناتەبایی و رق و کینە و خەپەرستی و خەسپاندن و چەوسانەوە بنیاتنرابن.. ئەو ماڵەی کە لەبووردن و بەخشین باڵی بەسەردا نەکێشابێت.. هەکارەکە بە بەاوبوونەوەی تووندوتیژی و کەش و هەوایەکی دیکتاتەری و نائارامی و بەگەزی و یەکتری قبووڵنەکردن و ڕەتکردنەوەی را و بۆچوونی جیاواز و نەسازان و نەگونجان.

دیکتاتەریەتیش لە خەزان دا بێت، یا لە دەسەاتی حوکمڕانی وڵات دا بێت. هەکارەکە بە زمان زبری و تووندوتیژی و نەسازان و بێبەوای و پێکەوەهەڵنەکردن و ناسەقامگیری. هەر ئەم کەشە نالەبارەش، هەستی رق و کینە و تووندوتیژی خەشتر دەکات.
زەر بە کوورتی و بە چڕی، چەند خاڵێکی گرنگ دەخەینە بەرچاوی دایکان و باوکان، بەو مەبەستی کە سوودیان لەوەربگرن، بە ڕووماندنی بەهای لەبووردن و بەخشین لە هەش و لە دەروونی جگەرگەشەکانیان دا.. زەر گرنگە هەر لە منداڵیەوە بەم بەها و پرەنسیپە ئەرێنییانە منداڵەکانتان پەروەردە بکەن و رایان بهێن:

١ـ پیویستە دایکان و باوکان ببن بە پشتەنگ و بە نموونە، بە منداڵەکانیان، ئەگەر ئەوان لە یەکتری ببوورێن و ببەخشن، زمان نەرم و سازاو و گونجاوبن، بە دڵنیاییەوە منداڵەکانیشیان چاویان لێدەکەن، لەوانەوە فیری بەهای لەبووردن و بەخشین دەبن.
٢ـ پێویستە منداڵەکانتان بەم بەها و پرەنسیپانە پەروەردەبکەن و لایان شیرین بکەن: لەبووردن و بەخشین، دەستپێشخەری لە لەبووردن، خەشویستی، ڕەزگرتن، سازان و گونجان، قبووڵکردنی یەکتری، پێکەوە ژیان، ڕەزگرتن لە کەسانی تر و لە را و لە بۆچوونی جیاوازیان،

زمان نەرمی و شیرینی، راستگۆیی، یەکسانی، دادپەروەری، ئازادیخوازی، ئاشتیخوازی، دەسزی، نیشتمان پەروەری، هاوڵاتی، مرۆڤایەتی، چاکەخوازی، دەستپاکی، ئەمکداری، پشکۆتنخوازی، داهێنانخوازی،.. هاد.
٣ـ منداڵان زۆر حەز لە چیرۆک دەکەن، ئەم حەزیان بقەزنەوە، ئەو چیرۆکانەیان بە بگەڕێنەوە و بخوێننەوە، کە مەبەستی لەبوواردن و بەخشینیان لەخۆگرتوون.
٤ـ ئافەرین و ستایشی ئەو منداڵانەتان بکەن، کە دەستپشکربەت لە لەبوواردن و لە بەخشین دا، لەو هەڵانەی کە خوشک و براکانی یا هاوڕێکانی یا کەسانی تر دەرهەق بە ئەم کردیان یا بیکەن، وەکو هەڵویستەکی ئەرێنی بەرز بنرخێنن تا درێژەی پێبدات.. گەر خەڵاتیان بکەن، دەبێتە هاندەرێکی بەهێز تا زیاتر درێژە بەم ڕەوشتە جوانەیان بدەن.

٥ـ کە کێشە و ناکۆکییەک لە نێوان منداڵەکانتان یا لەگەڵ هاوڕێکانیان ڕووبدات.. ئەوەی دایکان و باوکان، خەڵتان تێهەڵمقورتێنن.. بواریان بدەن و بزانن کە چۆن خۆیان ئەو کێشانە چارەسەر دەکەن و لە یەکتری دەبوورن و دەبەخشن و ئاشت دەبنەوە.
٦ـ کە منداڵەکتان لەگەڵ خوشک و برایەکی یا هاوڕێیەکی کێشەیان دەبێت و تووڕەدەبن و یەکتری بە خەتابار دەزانن.. یەکسەر و گەرماوگەرم زۆر لە منداڵەکەتان مەکەن و ناچاری مەکەن کە بە نابەدڵی بچێت داوای لەبوواردن لەو کەسە بکات، چونکە هەشتا لەسەر تووڕەیی و ڕقە، با ساردبێتەوە، ئینجا بە نەرمی و بە هەمنی و بە شێوازێکی گونجاو قەناعەتی پێبکەن و پێشیمانی بکەونەوە و هانی بدەن کە دەستپێشخەری لە لەبوواردن و بەخشین دا بکات، بچێت داوای لەبوواردن لە هاوڕێکەی بکات و ئاشت ببنەوە.. ئافەرین و ستایش هەردووکیان بکەن و.. ئەوەشیان پێ بڵێ کە منداڵی لەبووردە لە لای هەموو کەس خۆشەویست و ڕێزدارە.

٧ـ وریابن هیچ جیاوازییەک لە نێوان منداڵەکانتان دا مەکەن.. لەگەڵ منداڵانی تردیش دا بڕاوردیان مەکەن.. ئەگینا دەبێتە هەکارێک بۆ ڕق و کینە تۆندوتیژی و ئیرەیی.
٨ـ بەگومان قوتابخانەش ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، لە چێسپاندنی بەهای لەبوواردن و بەخشین و لە شیرین کردنی پرەنسیپە بەرزەکان دا، هاوکاریتان لەگەڵ قوتابخانەدا بە هێنانەدی ئەم مەبەستە و ئامانجانە زۆر پێویستە.
٩ـ کەمەگاش ڕۆژی خۆی هەیە، لە بنیاتنانی ڕۆشنبیری لەبوواردن و

قبووڵکردنی یەکتری تاکەکان دا. گەر پەکهاتەی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای ئاشتی و ڕێز و خۆشەویستی و هاوکاری و هاوچارەنووسازی وماف و ئەرکەکان بنیات نرابێت.
١٠ـ گەر منداڵەکتان لە یەکەکیان بووری و بەخشی، بە منداڵەکی ئازا و ژیر و لێبووردە ناوی بەرن.. بەڵام ئەگەر بەو چاوەوە لێیبوانن، کە گەل و گۆمژە و ترسنۆکە، یا بە نەفس نزم و سووک ناوی بەرن، ئەم بڕچوونە هەڵەیەتان دەبێتە هاندەر و هۆکارێک بۆ ئەوەی کە لە جاری داهاتوودا، دووقات تۆڵە بکاتەوە و ئامادە نەبێت لە کەس ببووڕێت.

ئاشکرایە کە لەم سەردەمەدا، ڕێژەیەکی زۆری منداڵان و گەورەکان، بوونەتە قوربانی توندوتیژی و دڕندەیی و جیاوازی و دڵڕەقی و ڕەگەزپەرستی و چەوساندنەوە و شەڕ و ئاژاوە و نادادپەروەری و لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و تێکچوونی شیرازەی خێزانی و زاڵبوونی هێزموونی زمان زبری و ناسەقامگیری.. بۆیە ئەمەدا لە هەموو سەردەمێ زیاتر پێویستیمان بە ڕێشنبیری لێبووردن و بەخشین و زمان نەرمی و سنگ فراوانی و یەکتری قبووڵکردن و پێکەوژیان و تەبایی و سازان هەیە.
نەرویج: ٢٠١٨

بەساڵی تازە ...
فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی

بەخێرهاتی ساڵی تازە
دڵی ئێمە پڕلەهازە
ئاخۆ ناخت پڕخۆشییە؟؟!!
یان وەکوپار بەبێ نازە
چاومان وەکوکاسەی مەستێك
دوور دەوانێ پێ نیازە
توخوا وەرە و دەم بەخەندە
گومان کەیلە بێ ئاوازە
باهاتنت ئاوازێك بێ

ئاوازێکی یەکجار تازە.

13/12/1998 یەکشەممە.